# پارتی .. ئامرازێک بۆ ئامانجی یەکڕیزی و سەربەخۆیی کوردستان

کاتێك یادی شەست و هەشتەمین ساڵیادی پارتی دیموکراتی کوردستان دەکەینەوە، مێژووی ٦٨ ساڵ خەباتی بێ وچان و پڕ لەسەرکەوتن و نوشست و هەستانەوە راستیەکمان پێدەڵێت: ئەو راستیەش ئەوەیە کە لە فیکری مستەفا بارزانی دامەزرێنەری ئەم پارتەدا، پارتی دیموکراتی کوردستان یەکێك بووە لەو ئامرازانەی کە بارزانی مستەفا بۆ کۆکردنەوەی بیروبۆچوونە جیاوازەکان و یەکخستنی تەواوی هێزو توانای گەلی کوردستان بۆ سەرفرازی و سەربەخۆیی، بیر لە دامەزراندنی کراوەتەوە.

ئەم مێژووە ئەوەمان فێردەکات، بیروبۆچوونی جیاوازو جیاوازی نەتەوەیی و ئایینی دەبنە سەرچاوەی هێزو تواناو ئیرادەی میللەتێك کە ئامانجی ئازادی و سەرفرازییە بۆ ئەوەی لەگەڵ گەلان و نەتەوەکانی دەوروبەری و جیهان بە برایەتی و ئاشتی پێکەوە بژین.

لێرەوە ئەگەر لەنێو دێڕەکانی ئەم مێژووەوە دووبارە سەیری دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان بکەینەوە، ئەوا بە راشکاوی ئەو راستیەمان بۆ دەردەکەوێت، ئەو بنەما فیکریانەی لە شێوازی دامەزراندنی پارتیدا رەنگیان داوەتەوە، پێشتر لە فیکری مستەفا بارزانیدا بوونی هەبووەو لەسەر ئەرزی واقیع و لەسەر دەستی خودی مستەفا بارزانی پراکتیزە کراون، لەوانە:

١- پێش دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان و لە گەرمەی جەنگی جیهانی دووەمدا کە ئەو جەنگە، جەنگی نێوان گەلان بوو نەك دەوڵەتان، مستەفا بارزانی لە ساڵی ١٩٤٣ بە هەموو جیهانی راگەیاند شەڕی ئێمە لەگەڵ نەتەوەی عەرەب نییە و ئێمە شەڕ لەگەڵ رژێمێك دەکەین کە نەتەوەی عەرەبیش دەچەوسێنێتەوە.

٢- پێش دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان، مستەفا بارزانی گەیشتبووە ئەو قەناعەتەی کە خەباتی رزگاریخوازی کوردستان پێویستی بە خەباتی سەرتاسەری کوردستانی هەیە، بۆ ئەمەش لە شۆڕشی دووەمی بارزان دا ئەمەی بە کردەیی جێبەجێ کرد و ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ئەو دانوستانەی لە نێوان سەرکردایەتی شۆڕشی دووەمی بارزان و حکومەتی پادشایی عێراقدا هەبووە، دەگەینە ئەو راستیەی کە شۆڕشی دووەمی بارزان دەسپێکی خەباتی سەرتاسەری بووە لە کوردستاندا.

٣- لە فیکری مستەفا بارزانیدا، دابەشکردنی کوردستان زوڵمێك بووەو بە ناهەق ئەو زوڵمە دژی گەلی کوردستان ئەنجامدراوە، بۆیە پێویستە ئەو زوڵمە قبوڵ نەکرێت و دەبێت تواناکان بەپێی هەلومەرجی سیاسیی سەردەم رێکبخرێن و پرسی رزگاربوونی کوردستان وەك یەك پرس سەیر بکرێت نەك چەند پرسێك.

٤- لەدوای شۆڕشی دووەمی بارزان و لەگەڵ دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە مهاباد، بارزانی مستەفا و هەڤاڵانی خۆیان گەیاندە کۆماری کوردستان و زۆر بە شانازییەوە رایانگەیاند کە ئەوان بۆ پاراستنی کۆماری کوردستان و لەژێر رابەرایەتی پێشەوا قازی محەمەد سەربازی پارێزەری کۆماری کوردستان دەبن.

٥- مستەفا بارزانی بە کردەیی ئەو وتەیەی جێبەجێ کرد کە دەڵێت:( لە کاتی سەرکەوتن غرور مەبن و لە شکستدا نائومێد نەبن) ئەمەش لە میانەی کاروانە مێژووییەکەی پەڕینەوە لە ئاراس و پاراستنی ئەمانەتەکەی پێشەوا کە ئاڵای کوردستان بوو کە ئێستا بە بە ڕابەرایەتی سەرۆك مسعود بارزانی لە کوردستان دەشەکێتەوە.





٦- لای مستەفا بارزانی تەنیا ڕێگەیەك بۆ گەیشتن بەم ئامانجانە یەكڕیزی و یەكگرتوویی گەلی كوردستانە، تەنیا ئامرازێكیش بۆ ئەوەی ئەم یەكڕیزی و یەكگرتووییە بهێنێتەدی و هەموو تواناكان بۆ سەرفرازی كوردستان ڕێكبخات، دامەزراندنی پارتێكی سیاسیە كە سوود لە جیاوازی بیروبۆچوونی سیاسی و فرەیی نەتەوەیی و ئایینی كوردستان وەربگرێت، تەنیا پارتێكیش ئەو توانایەی هەبێت ئەم هەموو جیاوازیانە كۆبكاتەوە و هێزێكی لەبن نەهاتوویان لێ پێكبهێنێت، پارتی دیموكراتی كوردستانە.

كەواتە ئەم مێژووە پێمان دەڵێت، پارتی دیموكراتی كوردستان بۆ ئەوە دروست نەبووە لە چوارچێوەی ئایدۆلۆژیەتێكی دیاریكراودا خەڵكی كوردستان بكاتە ئەندام بۆ پارتی دیموكراتی كوردستان، بەڵكو ئەندامیەتی لەناو پارتی دیموكراتی كوردستاندا بۆ پارێزگاری كردن بووە لە هەموو بنەماكانی ( برایەتی و پێكەوە ژیان لەگەڵ نەتەوەو ئایینە جیاوازەكانی كوردستان و دەوروبەرمان و جیهان، پارێزگاری كردن بە ناسنامەی كوردبوون و كوردستانیبوون و جیاوازی نەكردن لەگەڵ پارچەكانی دیكەی كوردستان، بڕوا بەخۆبوون و چۆكدانەدان لە شكست و غرور نەبوون لە سەركەوتن، پاراستنی جیاوازییە سیاسیەكان و فرەیی نەتەوەیی و ئایینی لە كۆمەڵگەی كوردستاندا) ئەمانەش هەموویان ئەو بنەما فیكریانەن كە دامەزرێنەری پارتی ئەو پارتەی لەسەر دامەزراندووە. ئەمەش مانای ئەوەیە بوون بە ئەندامی پارتی دیموكراتی كوردستان، شان دانە بەر ئەركێكە ئەو ئەركەش خزمەتكاری گەلی كوردستانە، بارزانی مستەفاش زۆر بە شانازییەوە پێی وتووین (چەند مەزنە مرۆڤ خزمەتكاری میللەتی خۆی بێت).

بۆیە ئێستا كە كوردستان نموونەی فرەیی سیاسیی و ئایینی یە لە ناوچەكەدا و لەنێو ئەم ژینگە سیاسیە هەمەلایەن و هەمە ڕەنگەدا، پارتی دیموكراتی كوردستان پارتی سەرەكی ناو هاوكێشە و پرۆسەی سیاسی یە و سەرۆك مسعود بارزانی وەك سەرۆكێكی دیار نوێنەرایەتی گەلی كوردستان لەسەر ئاستی ناوچەكەو جیهان دەكات، ئەوا پێویستە هەموو لایەك بزانن ئەو سەنگ و شكۆیەی پارتی و سەرۆك مسعود بارزانی، بەرهەمی درێژە پێدانە بەو ڕێبازو بنەمایانەی كە پارتی دیموكراتی كوردستانی لە پێناودا دامەزراوە، ئەو ڕێبازەش ڕێبازی مستەفا بارزانی یە.




## مسرور بارزانی

**ڕاوێژکاری ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان لە بەرنامەی Hardtalkی کەناڵی BBCدا:**

# پێشمەرگە لە جیاتی هەموو جیهان شەڕی تیرۆریستان دەکات

**داعش باوەڕی بە سنوور و ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ نییە و حورمەتی هیچ پێکهاتەیەکی نەتەوەیی و ئایینی ناگرێت**





دوای هێرشی تیرۆریستان بۆ سەر چەند ناوچەیەکی هەرێمی کوردستان و دەربەدەر بوونی هەزاران هاووڵاتیی کوردی ئێزدی لە ترسی تیرۆریستان بۆ سەر چیای شەنگال و بەرپا کردنی کۆمەڵکوژی دەرهەق بە سەدان کەس لە ئێزیدییەکان، هەروەها مەترسیی داعش وەك دەوڵەتێکی تیرۆریست لە جیهاندا و شەڕی پێشمەرگە لەگەڵ گەورەترین دەوڵەتی تیرۆریستی لە جیهاندا، کەناڵی BBC لە بەرنامەی (Hard talk) میوانداریی بەڕێز مسرور بارزانی راوێژکاری ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستانی کرد. لە میانی ئەو پرسیارانەی لەم بەرنامەیەدا ئاراستەی بەڕێزیان کرا، بەڕێز مسرور بارزانی زۆر بە روونی هەڵوێستی هەرێمی کوردستانی بەرامبەر تیرۆرستانی داعش خستەڕوو، هەروەها داوای لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کرد، هاوکاریی بە پەلە بگەیەننە ئاوارەکان و هاوکاریی هێزی پێشمەرگەی کوردستانیش بکەن بۆ ئەوەی لە شەڕی دژ بە تیرۆریستاندا سەرکەوتوو بێت. ئەمەش دەقی دیدارەکەی (مسرور بارزانی)یە لەگەڵ بەرنامەی Hard talkی کەناڵی BBC.

***مسرور بارزانی لە هەولێرەوە بەخێر بێن بۆ Hard talk، تا چەند جێی سەرسوڕمانە، کە داعش بەم شێوەیە پێشڕەویی کرد؟**

- لە راستیدا بۆ ئێمە گەشەی خێرای داعش لە دەسپێکی شەڕەکانیان لە سووریا و پەرەسەندیان بۆ رێکخراوێکی گەورەتر، جێی سەرسوڕمان بوو. ئێستا دەتوانم پێت بڵێم، کە لە راستیدا ئێمە رووبەڕووی دەوڵەتێکی تیرۆریستی دەبینەوە نەك تەنها رێکخراوێکی تیرۆریستی. ئەوان ئێستا ژمارەیان زیاتر بووە، ناوچەی زیاتریان کۆنترۆڵ کردووە و چەکی زیاتر و پێشکەوتووتریان کەوتۆتە دەست. شکست خواردنی سوپای سووریا و عێراق، دەسەڵات و هێزی زیاتری لەوە پێ بەخشین کە ئەمڕۆ ئێمە رووبەڕووی بووینەتەوە.

***وەك ئەوەی باست کرد، سوپای سووریا و عێراق تووشی شکست هاتن، بەڵام راستیی بابەتەکە ئەوەیە، کە هێزی کورد، پێشمەرگە، بە گوتەی پەیامنێری BBC (پۆڵ وۆد) لە مەخموور، کە ئێستا رزگارتان کردووە، خەڵك زۆر دەترسێ بگەڕێنەوە، چونکە بینییان هێزەکانی کورد بە خراپی شکاون؟**

- وەك باسم کرد، ئەوان تەنها رێکخراوێك بوون، پاش بردنی ئەو هەموو چەك و تفاقەی سوپای عێراق و سوپای سووریا، بوونەتە رێکخراوێکی بەهێزتر. ئێستا لە رووی چەکی قورسەوە ئەوان لە پێشمەرگە باڵادەستترن، بە هۆی جۆری چەکەکانیانەوە کە دەستیان کەوتبوو، لە هەندێ شەڕگەدا پێشڕەوییان کرد بوو، تیرۆریستان توانیبوویان دەست بە سەر هەندێ شار و شارۆچکەدا بگرن لە ناوچە دوورە دەستەکانی کوردستان، لەوانەش شنگال. پاش گەیشتنیان بەوێ، لە چەندین ناوچەی دیکەی کوردستانەوە هێرشەکانیان دەست پێ کرد و مەخموور و گوێڕیان داگیر کرد بوو، بەڵام پێشمەرگە توانی لە شوێنی خۆیان رایانبگرێت و بەرەو دواوە پاشەکشەیان پێ بکات و بەشێك لەو شار و شارۆچکانە رزگار بکاتەوە. حاڵی حازر ئێمە لە شەڕێکی بەردەوامداین و لە چەندین میحوەردا شەڕ بەردەوامە. ئێمە ١٠٥٠کم سنوورمان لەگەڵ داعش هەیە، بە هۆی دەستگرتنیان بەسەر چەك و تەقەمەنیی سوپای عێراق، زۆرینەی ئەو چەکانەیان هێناوەتە سەر سنوورەکانی ئێمە بۆ شەڕی پێشمەرگە، کێشەکە لەوەدایە کە پێشمەرگە هەمان جۆرە چەکی پێ نییە تا شەڕی ئەوانی پێ بکاتەوە.

***من لەبارەی ئەوەوە پرسیارت لێ دەکەم، بەڵام سەرەتا، هەروەك ئاماژەتان پێ دا، لە مانگی حوزەیرانەوە تیرۆریستان سەرکەوتنی گەورەیان تۆمار کردووە و ئێستا سێیەکی خاکی عێراقیان بە دەستەوەیە. ئێوەش**

**وەك راوێژكاری ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێم زانیاریی پێویستتان لەبەر دەست نەبووە، هەروەك ئاماژەت پێ كرد، كە جێی سەرسوڕمان بوو بۆ ئێوە. ئایا نەدەبوو زانیاریی پێویستتان لەبەر دەست بوایە لەبارەی تواناكانی تیرۆریستانەوە؟**

- ئێمە ئاگاداری نیەت و پلانەكانیان بووین و زانیاریی باشمان لەسەر داعش هەبوو لەو كاتەی هاتنە باشووری مووسڵەوە، هەر ئەوكات ئێمە حكوومەتی عێراقیمان لەوە ئاگادار كردەوە، كە داعش دەیەوێت بێتە ناو مووسڵەوە. بە داخەوە بەغدا وەڵامی بۆ ئەو ئاگادار كردنەوەیەی ئێمە نەبوو، هاوكاری و هەماهەنگیی ئێمەیان نەویست تا ئەوكاتەی داعش داخڵی مووسڵ بوو. كاتێك داعش هاتنە ناو مووسڵەوە، ئەوەی بۆ ئێمە زیاتر مایەی سەرسوڕمان بوو، پێنج فیرقەی سوپای عێراق شوێن و چەكەكانیان بەجێ هێشت بۆ تیرۆریستان.

*** بەڵام تەنها هەواڵگریی عێراق لە بەغدا شكستی نەهێنا، سەرۆك ئۆباما لە ٩ی ئابدا گوتی: پێشكەوتن و پێشڕەویی داعش لە ماوەی چەند مانگی رابردوودا زۆر زیاترە لەوەی كە دەزگاكانی هەواڵگریی ناوەوە و دەرەوەی عێراق پێشبینییان دەكرد، تەنانەت هەواڵگریی ئەمەریكاش سەركەوتوو نەبووە؟**

- من ناڵێم ئەوە شكستە، بەڵام پێم وایە هەموو لایەك هێزی داعشیان بە كەمتر تەخمین كرد بوو. پێم وایە ئەوەی پێگە و توانای داعشی گۆڕی ئەوكاتە بوو، كە توانییان لە ماوەی كەمتر لە ٤٨ كاتژمێردا سەرجەم بارەگا و یەكەكانی سوپای عێراق لە ناو مووسڵ و دەوروبەری نەهێڵن. ئەوەش توانای زیاتری پێ بەخشین و هیچ كەس پێشبینیی ئەو پێشڕەوییە خێرایەی داعشی لەوێ نەدەكرد.

***ئەمریكا چەك و تەقەمەنی و چەكی قورس دەداتە ئێوە، فەرەنساش ئامادەیی نیشان داوە بۆ پێدانی چەك، ئایا ئەمە بەسە، دواتر پێشمەرگە یا كورد دەتوانن عێراق رزگار بكەن؟**

- هەموو ئەو شتانەی تا ئێستا بە دەستمان گەیشتوون بەس نین. هەندێك تەقەمەنی و چەكی سووكمان بەدەست گەیشتووە، بەڵام بەو جۆرە كاریگەر نین، كە ئێمە داوامان كردووە. بۆیە ئێمە هیوادارین چاو بەم بابەتەدا بخشێننەوە و چەكی قورس و كاریگەرتر بە پێشمەرگە بدرێت تا كاریگەرتر بێت لە شەڕی داعش و گەشبینین بە شكست پێهێنانی داعش.

***ئێوە دەزانن، كە (چاك هیگل) وەزیری بەرگریی ئەمریكا رایگەیاند، كە ١٣٠ سەربازیان راوێژ پێشكەش بە عێراقییەكان دەكەن بۆ رووبەڕوو بوونەوەی هەڕەشە و مەترسیی تیرۆریستان، بەڵام دووپاتی كردەوە، كە لەمە زیاتر هاوكاری پێشكەش ناكەن، كەواتە هیچ هێزێكی شەڕكەر نانێرن، ئایا پێتان وایە ئێوە بە بێ هاوكاریی شەڕوانانی دەرەكی بە تەنیا دەتوانن شەڕەكە بكەن، ئێوە لەوە دڵنیان؟**

- بەڵێ، پێم وایە تا ئەوكاتەی هێرشی ئاسمانی بەردەوام دەبێت و ئەم هێرشانەی ئاسمانی فرەوانتر بكرێن بۆ لێدانی ئامانجە گرنگەكانی داعش و چەكی پێویستمان پێ بدرێت، دڵنیام لەوەی كە دەتوانین خۆمان ئەم كارە بكەین و پێویستمان بە سەرباز و هێزی زەمینی لە هیچ لایەكەوە نابێت. وەك باسم كرد پێویستمان بە سەرباز نییە، پێویستمان بە پڕچەك بوونە بە چەكی قورس لەگەڵ بەردەوامی بوونی هێرشی ئاسمانی.

***بۆچوونێكی دیكە هەیە كە ئەگەر كورد پڕچەك بكرێ ئەوە لە بەرژەوەندیی لایەنەكە لە عێراق لە سەر حیسابی لایەنێكی دیكە، كاتێك ئەم پرسیارە ئاراستەی (فرێدریك لێیتن) ئەفسەری خانەنشینی هەواڵگری و ئەندامی دەستەی سەرۆكایەتیی ئەركانی سوپای ئەمەریكا كرا، گوتی: بە دڵنیاییەوە ئەمریكا پشتیوانیی لایەنی كورد دەكات، ئەمەش مەترسیدارە ئەگەر بە وریاییەوە مامەڵە نەكەین، ئەگەر هەستیار نەبین، ئەگەری زۆرە ببینە هۆكاری پارچە پارچە بوونی عێراق. ئەم نیگەرانییەش لە جێی خۆیدایە؟**

- با لێرەدا خاڵێك روون بكەمەوە. لە راستیدا پێشمەرگە وەك بەشێك لە مەنزوومەی دیفاعیی عێراق، مەحرووم كرا بوون لە هەر جۆرە هاوكارییەكی سەربازیی عێراق، لە لایەكی دیكەوە پێشمەرگە ئەركی پاراستنی كوردستانی لەسەر شانە، بەڵام كاتێك دێتە سەر مافی پڕچەك كردن یا تەنانەت دابین كردنی مووچەی پێشمەرگە، حكوومەتی عێراق بە هیچ شێوەیەك ئەو هاوكاریانەی دابین نەدەكرد. مافی خۆمانە كە پڕچەك بكرێین تا بتوانین بەرگری لەم بەشەی كوردستان بكەین، لە راستیشدا بۆ هەر بڕیارێكی سیاسی كە كوردستان دابێتی یان بیەوێت بیدات، بە هیچ شێوەیەك هێزی سەربازی بەكار ناهێنێت بۆ بەهێز كردنی ئەو بڕیارە.

***لە پێناو كێدا شەڕ دەكەن، بۆ پاراستنی ئەو شەش ملیۆن و نیو كەسەیە، كە لە هەرێمدا دەژین یا بۆ بەرگری كردنە لە هەموو عێراق دژی تیرۆریستان، كامەیانە؟**

- ئێمە لە جیاتی هەموو جیهان ئەم شەڕە دەكەین نەك تەنها بۆ عێراق. داعش رێكخراوێكە هیچ سنوورێك ناناسێت و باوەڕی بە هیچ مافێكی مرۆڤ نییە، رێز و حورمەتی بۆ هیچ پێكهاتەیەكی ئایینی و نەتەوەیی

**لە راستیدا ئێمە رووبەڕووی دەوڵەتێكی تیرۆریستی دەبینەوە نەك تەنها رێكخراوێكی تیرۆریستی**

**كێشەكە لەوەدایە كە پێشمەرگە هەمان جۆرە چەكی پێ نییە تا شەڕی ئەوانی پێ بكاتەوە**



**ئەوەی پێگە و توانای داعشی گۆڕی ئەوکاتە بوو، کە توانییان لە ماوەی کەمتر لە ٤٨ کاتژمێردا سەرجەم بارەگا و یەکەکانی سوپای عێراق لە ناو مووسڵ و دەوروبەری نەهێڵن**

نییە. ئێستاش ئێمە لە کوردستان ١/٢ ملیۆن ئاوارەمان هەیە، نزیکەی ٢٥٠ هەزار پەنابەری سووریمان هەیە، زیاتر لە دەیان هەزار پەنابەری مەسیحیمان هەیە، کە لە شوێنەکانی دیکەی عێراقەوە هەڵاتوون و هاتوونەتە کوردستان، دەیان هەزار ئاوارەی دیکەی عەرەبی سوننە و خەڵکی دیکەش پەنایان بۆ کوردستان هێناوە. هەموو ئەو خەڵکانە هاتوونەتە کوردستان تا هەست بە ئارامی و پارێزراوی بکەن، ئەرك و بەرپرسیارێتیی سەرشانی ئێمەیە هەموو ئەو خەڵکانە بپارێزین و هەرێمی کوردستان بپارێزین و بەشدار بین لە هێنانە ئارای دۆخێکی باشتر بۆ عێراق. وەك باسم کرد ئەمە شەڕێکە ئێمە لە جیاتی هەموو ناوچەکە و دنیا دەیکەین.

***ئایا بۆ هەموو عێراقە؟**

- بەڵێ بۆ هەموو عێراق

***ئێستا، کورد نارەزایی خۆی لە بەرامبەر مالیکی نەشاردۆتەوە و زۆر بە روونی دەریخستووە، لە روانگەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیشەوە، نووری مالیکی هۆکاری ناکۆکییەکانە، ئێستا سەرۆك کۆماری نوێی عێراق فوئاد مەعسووم، کە کوردە، کەسێکی نوێی لە هاوپەیمانیی مالیکی (حەیدەر عەبادی)ی راسپاردووە بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەت. ئایا ئێوە بە تەواوەتی پێشوازیی لێ دەکەن، ئایا ئێوە وەکوو کورد دەتوانن لەگەڵ ئەو کەسەدا کار بکەن؟**

- هیوادارم ئەمە گۆڕانێکی پۆزەتیڤ بێت لە عێراقدا. هیچ گرفتێکی شەخسی لە نێوان بەغدا و کوردستان یا لە نێوان هیچ کەسێکدا نییە.کێشەکە لە ناو خودی سیستەمدایە لە عێراق. ئەگەر سەیری ئەوە بکەین کە لە رابردوودا لە عیراقدا رووی دا، سەرۆك وەزیرانی پێشوو دەستووری جێبەجێ نەکرد و زیاتر لە روانگەی بەرژەوەندی تاکە کەسی خۆیەوە مامەڵەی لەگەڵ ماددەکانی دەستووردا دەکرد. هەموو ئەو شتانەی بۆ کورد زۆر گرنگ بوون، لەوانە جێبەجێ کردنی ماددەی ١٤٠ لە ناوچە کوردستانییەکان و پڕچەك کردنی پێشمەرگە و ناردنی بودجەی هەرێمی کوردستان و یاسای نەوت و غاز، هەموو ئەم خاڵانە بە هەڵواسراوی مانەوە و ئەم ماددە دەستووریانە جێبەجێ نەکران. ئەوەش



بووە هۆی ئاڵۆز بوونی پەیوەندیی نێوان بەغدا و هەولێر. بۆیە لە راستیدا کێشەکانمان لەگەڵ بەغدا شەخسی نین، لەگەڵ سیستەمەکە دایە. هیوادارین سیستەمێکی جیاوازتر لە بەغدا پەیڕەو بکرێت و باوەڕی بە شەراکەت هەبێت و هەموو پێکهاتەکان لە ناو حکوومەتی نوێ بن، بە شێوەیەکی سیستماتیك سوننە وەدەر نرا بوون و کورد پەراوێز خرا بوون. بۆیە ئەگەر سەرۆك وەزیرانی نوێ بە پلان و بەرنامەی نوێ و ئەجێندای نوێوە هەموو پێکهاتەکانی وڵات لەخۆ بگرێت و هاوپشکی لە دەسەڵاتی قبووڵ بکات و پابەند بێت بە دەستوور، پێم وایە ئایندەیەکی باشتر بۆ هەماهەنگی و هاوکاریی نێوان هەولێر و بەغدا دێتە دی.

***ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی کورد لە هەرێمی کوردستان جەخت لە سەربەخۆیی نەکاتەوە؟**

- مافی چارەی خۆنووسین بۆ کورد، مافێکی سروشتییە، خوا بە گەلی کوردی داوە و لەسەر چۆنیەتی پێشهاتەکانی ئایندە دەوەستێ. سەبارەت بەوەی کە ئایا هێشتا کورد بیر لە سەربەخۆیی دەکاتەوە، پێویستە بڵێم، هەموو کوردێك لە دڵی خۆیدا باوەڕی بەوە هەیە و دەیەوێت مافی چارەنووسی خۆی دیاری بکات و بڕیاری ئەوە بدات، کە دەیەوێت چۆن بژێت.

***مافی چارەی خۆنووسین، ئۆتۆنۆمی زۆر جیاوازن لە سەربەخۆیی تەواو، تۆ وەك کوڕی مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، کە زۆر داوای لێ کراوە بەشداری لە حکوومەتی بنکە فرەواندا بکات، هەروەك مانگی تەمموز (جۆن کیری) داوای لێ کرد بوو، باوکت وەڵامی دابووەوە، دوای پێشهات و گۆڕانکارییەکانی عێراق گەلی کوردستان دەستبەرداری ئەم دەرفەتە نابێت، دەبێ گەلی کوردستان ئێستا بڕیار لە چارەنوسی خۆی بدات. بە بۆچوونی تۆ، باوکت یا تۆ دەتانەوێ لەگەڵ عێراقدا بمێننەوە یا بە تەواوەتی لە عێراق جیا ببنەوە و سەربەخۆیی رابگەیەنن؟**

- با سەیری راستییەکان بکەین، ئێمە لە وڵاتێکداین، کە حکوومەتی عێراق کۆنترۆڵی هەموو وڵات ناکات. ئێستا ئێمە لەگەڵ داعش دراوسێین نەك لەگەڵ بەغدا. (١٠٥٠)کم سنوورمان لەگەڵ داعش هەیە، ئێستا

**پێشمەرگە ئەرکی پاراستنی کوردستانی لەسەر شانە، بەڵام کاتێک دێتە سەر مافی پڕچەک کردن یا تەنانەت دابین کردنی مووچەی پێشمەرگە، حکوومەتی عێراق بە هیچ شێوەیەک ئەو هاوکاریانەی دابین نەدەکرد**

تەنگژە و ئاڵۆزیی شیعە و سوننە هەیە. حکوومەتی نوێی عێراق هێشتا پێك نەهاتووە، بۆیە دەبێ چاوەڕێ بین، کە دۆخەکە چۆن بەرەو ئایندەیەکی باشتر دەڕوات. ئێمە رازی بووین بەوەی بەشێك بین لەم وڵاتە، کە دەبێت بە گوێرەی دەستوور وڵاتێکی فیدراڵی و فرەیی بێت. ئەگەر ئەم وڵاتە بۆ هەمووان بێت و هەموو لایەك هەست بە ئارامی و سەقامگیری و ئاسایش بکەن و تەنگژە و کێشەی نێوان سوننە و شیعە نەبێ، ئێمە وەکو کورد بە هیچ شێوەیەك نابینە بەشێك لە کێشەکان، ئەوە کورد نییە عێراقی پارچە پارچە کرد بێت، بەڵکوو ئەم وڵاتە لە رووی عەمەلییەوە دابەش بووە بۆ سێ پارچە. ئەرکی تایبەتی کوردستانە، کە هاووڵاتیانی خۆی و سنووری خۆی بپارێزێت، بزانین لە ئایندە چۆن دەبێت، دەبێ چاوەڕێ بین، ئایا بەغدا دەخوازێ سەرکەوتوو بێت لەوەی کورد و سوننە لە حکوومەتی ئایندە لەخۆ بگرێ. ئەگەر نا ئەوا کورد ناتوانێ قبووڵی ئەوە بکات، کە داعش لەم وڵاتەدا هاوبەش بێت و ئەوکات کورد بڕیاری پێویست دەدات، کە چۆن خەڵك و خاکی کوردستان بپارێزێت.

**پێویستە هێرشە ئاسمانی و کردەوەی سەربازیی زیاتر دژ بە داعش ئەنجام بدرێت**

***هەروەك باست کرد، بەغدا و لایەنەکانی دیکەی عێراق پێویستە عێراقێکی یەکگرتوو و سەرنج راکێش دروست بکەن، بەڵام راستیی بابەتەکە ئەوەیە، ئێوە لە ناو هەرێمدا چەندین کارتان بە سەربەخۆیی کردووە، وەکو پرسی نەوت. چاوەڕێ دەکەن نەوت بە شێوەیەکی راستەوخۆ بە وڵاتانی دیکە بفرۆشن لە رێی بۆڕیی تورکیاوە و چەندین گرێبەستتان لەگەڵ کۆمپانیا و بازرگانەکاندا ئیمزا کردووە. ئەمریکا گوشار لە ئێوە دەکات، کە ئەم کارە نەکەن و گوشار لە کۆمپانیاکان دەکات، کە راستەوخۆ نەوت لە ئێوە نەکڕن و ئەم کارە لە رێی بەغداوە بکەن؟**

- هەرێمی کوردستان هیچ شتێکی لە دەرەوەی دەستوور نەکردووە، لە دەستووردا بە روونی هاتووە، کە چۆن مامەڵە لەگەڵ نەوت و غازدا دەکرێت، کێڵگەکانی کۆنی نەوت لە لایەن حکوومەتی فیدراڵەوە بە هەماهەنگی لەگەڵ هەرێمەکاندا ئیدارە دەکرێت، هەموو کێڵگە نوێیەکانیش لە لایەن حکوومەتی هەرێمەوە کۆنترۆڵ و ئیدارە دەکرێن بە هەماهەنگی لەگەڵ حکوومەتی فیدراڵ. حکوومەتی فیدراڵ ئامادە نەبوو بێتە پێشەوە لەگەڵمان بۆ چارەسەر کردنی ئەم گرفتانە. دەمەوێ ئاماژە بەوەش بکەم تا ئێستا عێراق هیچ یاسایەکی نییە تا بگوترێ کوردستان کاری یاسایی کردووە یا نا. تا ئێستا یاسا کۆنەکانی رژێمی پێشووتر لە عێراق لەم رووەوە کاریان پێ دەکرێت. عێراق هیچ یاسایەکی نییە تا حکوومەتی هەرێمی کوردستان تۆمەتبار بکات بەوەی کاری نایاسایی کرد بێت. بە گوێرەی دەستوور هەر کارێك حکوومەتی هەرێمی کوردستان بیکات لەگەڵ هێڵە گشتییەکانی دەستوور یەکیان گرتۆتەوە. لە رووی ئاسایش و کاری پێشمەرگەوە هەر شتێك حکوومەتی هەرێمی کوردستان بیکات بە گوێرەی ئەو دەسەڵاتانە بووە کە لە دەستووردا هاتوون. بە داخەوە هەموو ئەو سەرکەوتنانەی ئێمە لە کوردستان بە دەستمان هێناون، نەبوونە مایەی ئەوەی بەغدا پشتیوانی لە کوردستان بکات. لە راستیدا دەیانویست کوردستان لە جێی خۆیدا بمێنێ، چونکە ئەوان نەیاندەتوانی وەك کوردستان سەرکەوتوو بن.

**لە شارۆچکە و گوندەکانی نزیک مووسڵ هەزاران خێزانی مەسیحی پەنایان بۆ کوردستان هێناوە، بۆیە بەرپرسیارێتیی سەرشانمانە هێندەی پێمان دەکرێت داعش بوەستێنین**

***هەروەك دەزانن، کە راستیی ئەم بابەتە ئەوەیە، کە گەورەترین پشتگیری ئێوە، گەورەترین هاوپەیمانی ئێوە ویلایەتە یەکگرتووەکانە و بە روونی پێداگیری لە مانەوەتان دەکات لە ناو عێراقێکی یەکگرتوودا، بۆ نموونە ٢٤ی تەمموز یاریدەدەری وەزیری دەرەوەی ئەمریکا (برێت ماککۆرك) گوتی: باشترین رێگە بۆ هەرێمی کوردستان ئەوەیە کە لە چوارچێوەی دەستووری عێراقدا بمێنێتەوە؟**

- لە دەستووردا بە روونی هاتووە، کە جێبەجی کردنی ئەم دەستوورە زامنی یەکگرتوویی وڵاتە، رێز لە دەستوور نەگیراوە و وەکوو خۆی جێبەجێ نەکراوە. بۆیە کوردستان مافی خۆیەتی هەر بڕیارێکی پێویست بدات، کە بۆ خەڵکی کوردستان گونجاو بێت، لەگەڵ ئەمەشدا ئێستا چووینە قۆناغی باشی چارەسەری تیۆری بۆ کێشەکانی عێراق. چەندین کێشەی جددی هەن، کە دەبێت چارەسەر بکرێن و بڕیاری ئازایانە دەربکرێت، متمانە لە نێوان پێکهاتە جیاجیاکان نەماوە و باوەڕیان بە یەکتر نییە، هەموو لایەك لە لایەنەکەی دیکە دەترسێت بەوەی پەراوێزی بخات یا تۆڵەی لێ بکاتەوە. بۆیە هەر کەسێك بیەوێت چارەسەری یەکجاری بۆ عێراق بدۆزێتەوە، دەبێت بە جددی لەگەڵ هەموو پێکهاتەکان، سوننە و کورد و شیعە، قسە بکەن تا بزاندرێت خاڵی هاوبەش و شێوەی پێکەوە ژیانێکی مورتاح لەگەڵ یەکدی چۆنە. ئیدی ئەم شێوە پێکەوە ژیانە لەسەر بنەمای فیدراڵیی تەواو یا کۆنفیدراڵی یا جیابوونەوەی تەواو بێت. هەر جۆرە چارەسەرییەکی تیۆری نابێتە هۆی دۆزینەوەی چارەسەر بۆ کێشەکان، بەڵکوو بە پێچەوانەوە زیاتر ئاڵۆزی دەکەن.

***ئێستا هەموو ئەو کێشانەتان لە ناو عێراقدا هەیە، بەڵام لە هەمووی گرنگتر تەنگژەی مرۆییە، هەر وەك باستان کرد ئێوە پەنای خەڵکێکی زۆرتان داوە، کە بە هۆی توندوتیژی و چەوساندنەوەی تیرۆریستانەوە**



**ئاوارە بوون، ئێوە سەرچاوەی کەمتان هەیە بۆ هاوکاری کردنیان، گوێمان لە چیرۆکی کارەساتبار بووە بە تایبەت ئەو ئێزدیانەی کە لەبەر توندوتیژی و تیرۆر هەڵاتوون، دەتوانی چی بڵێی لەبارەی تەنگژەی ئەو هەزاران کەسەی لەسەر چیاکە گەمارۆ دراون؟**

- هەزاران لەو خێزانانەی توانیویانە لە دەست تیرۆریستان هەڵبێن، گەیشتوونەتە سەر چیاکە و لە لایەن چەند یەکەیەکی پێشمەرگەوە دەپارێزرێن، کە لە ناوچەکەدا لەگەڵ خەڵکەکە مابوونەوە. لە راستیدا پێشمەرگە توانیبووی تیرۆریستانی داعش بوەستێنێ بەوەی بە دوای خەڵکەکەوە لە سەر چیادا نەبن. هەموو ئەو خەڵکە گرفتی نەبوونی خۆراك و ئاویان هەبوو، سوپاس بۆ ئەمریکا کە پێداویستی خۆراك و ئاویان گەیاندە ئەو خەڵکە، دواتریش بەریتانیا بە هەمان شێوە لەم هاوکارییەدا بەشدار بوون. هەندێ لە وڵاتانی دیکەی ئەوروپاش بەشدار بوون لە گەیاندنی هاوکاری بۆ سەر چیای شنگال، گرفتەکە تەنها ئەوە نییە، کە خەڵکێکی زۆر لە سەر چیاکەن، بەڵکوو چەند شارۆچکە و گوندێکی دەوروبەری شنگال ماون و لە لایەن داعشەوە چواردەوریان گیراوە و هەڕەشەی جدیی لەناو بردنیان لێ دەکرێت. ئێستا پێویستییەکی یەکجار زۆر هەیە تا هاوکاری مرۆیی بگەیەنرێتە ئەو خەڵکە و بۆ ناوچەیەکی ئارامتر بگوازرێنەوە، کە لە شارۆچکە و گوندەکانی سنووری شنگالن. لە راستیدا لە شارۆچکە و گوندەکانی نزیك مووسڵ هەزاران خێزانی مەسیحی پەنایان بۆ کوردستان هێناوە، تاکوو لە ژیانێکی ئارامتر و پارێزراوتر بژین. بۆیە بەرپرسیارێتیی سەرشانمانە هێندەی پێمان دەکرێت داعش بوەستێنین، بەڵام بە دڵنیاییەوە پێویستیمان بە هاوکاریی مرۆیی هەیە بۆ ئەم پەنابەرانە و پێویستیمان بە هاوکاریی سەربازی هەیە تا نەهێڵین داعش پێشڕەویی زیاتر بکات.

***دوایین پرسیار و بە کورتی، پرسی داعش، تەنگژەی سیاسیی لە بەغدا و تەنگژەی مرۆیی، ئەو عێراقەی، کە هەموومان دەیناسین دەتوانێت بمێنێتەوە؟**

- هیوادارم بە جۆرێك لە جۆرەکان بمێنێتەوە، چونکە هەر جۆرە شکستێك لە سەر دەستی داعش لە عێراق کارەساتی گەورە بە دوای خۆیدا دەهێنێ و گرفت و کێشەی گەورەتر بۆ ناوچەکە و جیهان دروست دەکات.داعش رێکخراوێکی تیرۆریستییە، کە هەزاران تیرۆریستی بیانی بە لای خۆیدا راکێشاوە لە چەندین ناوچەی جیاجیای دنیاوە. دیارە ئەم تیرۆریستانەش لێرە لە عێراقدا نامێننەوە و بەهێزتر دەبن و دەگەڕێنەوە ئەو وڵاتانە، ئەگەر لە عێراق سەربکەون ئەوا دەبنە کێشەیەکی گەورەتر بۆ دنیا.

# لەبەرچی داعش چەکێکی زۆری مۆدێرنی لەبەر دەستە؟

پرۆفیسۆر تید گەلن کارپێنتەر*

تایبەت بە گوڵان نووسیویەتی



یەکێك لە دیاردە و ڕۆاڵەتە هەرە دیارەکانی هەڵکشانی شەڕ لە عیراقدا، بریتییە لەو خێرایی و ماوە کورتەی کە داعش تێیدا توانیویەتی لە عیراق و سووریادا پانتاییەکی بەربڵاوی خاك کۆنترۆڵ بکات. مایەی سەرسوڕمانێکی زۆر سەیرە، گرووپێکی توندڕەوی ئایینی کە لە کەسانێکی ئەتنیی تێکەڵ و پێکەڵ پێك هات بن، وا بە خێرایی بە سەر سوپایەکی وەك سوپای عیراقدا زاڵ بن! بە مەرجێك ئەم سوپایە لە لایەن ئەمەریکاوە هەم مەشقی پێ کراوە، هەمیش چەك و جبەخانەی پێ دراوە. ڕۆژانە لە وێنەی ڤیدیۆییەوە ئەو ڕاستییە ڕوونتر دەسەلمێت، کە داعش زۆر چەکی مۆدێرنیان بە دەستەوەیە، کاریگەرێتیی ئەم چەك و کەلوپەلە سەربازییەش لەو کاتەدا بەدەرکەوت، کە داعش ئاراستەی هێرشی خۆی بۆ سەر پێشمەرگەی کوردستان چڕ کردەوە.

پرسیار لەوەدایە، چۆن ئەو یاخییانە هێزێکی زەبەلاحی ئاگرینیان لە ماوەیەکی کەمدا کەوتە دەست؟ بەرپرسانی خۆرئاوایی پێداگیری لە سەر ئەو ڕاستییە دەکەن، کە داعش لەو کاتەدا چەکیان کەوتووەتە بەر دەست، کە هێزی سەر بە حکوومەتی بەغدا بە شێوازێکی چاوەڕوان نەکراو کەوتە بەر شاڵاوی ترس و تۆقینەوە، هەموو پێگەکانی خۆی، بە تایبەت ئەوانەی دەکەوتنە دەوروپشتی مووسڵ، چۆڵ کرد و داعشیش دەستی بە سەریاندا گرت. بێگومان ئەوە سەرەکیترین سەرچاوەی بنەڕەتی بەدەست هێنانی چەکی تیرۆریستانە، کە هەموو سیاسەت داڕێژەرانی ئەمەریکای نیگەران کردووە، چونکە زۆربەی ئەو کەلوپەلە سەربازییەی درابووە حکوومەتەکەی نووری مالیکی، لە لایەن ئەمەریکاوە دابین کرا بوون، ئێستاش ئیدارەی ئۆباما بە نیگەرانی و ترسەوە دەڕوانێتە ئەو چەکە ئەمەریکیانەی بوونەتە پاڵپشت بۆ بەهێز کردنی دڵڕەقترین ڕێکخراوی تیرۆریستی لە دنیادا.

ڕوونکردنەوەی بەرپرسان سەبارەت بە هۆکاری زۆر و زەوەندیی جبەخانەکەی داعش، وەك گوتم لەبەر ئەو چەکانەیە کە لە پاش سوپای عیراق بەجێ هێڵدران و توانای شەڕکەرانی داعشیان زیاتر کردووە، بە تەنیا هۆکاری بەهێز بوونی ئەم ڕێکخراوە تیرۆریستییەش ئەو چەکانە نەبوو، بەڵکوو دابین کردنی ئەو پارە و کەلوپەلانەشە کە سعوودیە و قەتەر بۆ هۆزەکانی عەرەبی سوننەیان ناردووە. هەندێك لەو لایەنانە بوونەتە هاوپەیمانی داعش، لەوەش زیاتر ئەو دوو حکوومەتە هاوشانی تورکیا، هەر بە ئاشکرا هاریکاریی سەربازیانەی ئۆپۆزسیۆنی سووریایان دەکرد، لە پێناو ڕووخاندنی ڕژێمی بەشار ئەسەد کاریان دەکرد. هەروەها هەوڵەکانی واشنتن و وڵاتانی دی بۆ ئەوەی یاخییانی



سـوووریا بە میانڕەو و عەلمانی دابڕێژنەوە، لە کاتێکدا تەنیا و تەنیا چەند بەرهەڵستکارێك ئەم ناساندنەیان بە سەردا دەچەسـپا، دواتریش ئەوە ڕوون بووەوە کە بەشی هەرە زۆری باڵادەستانی نێو لایەنەکانی دژ بە ئەسەد، توندڕەوانی ئیسلامی بوون، کە ئامانجیان زاڵ بوونە بە سەر کورد و عەلەوی و مەسیحی و کەمینەی دیکەی نەتەوەییدا. لەم لاشـەوە هەندێك لە هۆزەکانی سوننەی عەرەبی عیراق چوونەتە بن ڕەشماڵی داعشەوە، پێکەوە هەڕەشـەی دروسـت کردنی خەلافەتێکی توندڕەوانە دەکەن.

ئـەم پەرەسـەندنە خێرایانەی ئەم دواییـە، بە تەواوی واشـنتن و هاوپەیمانانی لە ناتۆ سەغڵەت کردووە، کە پێشـتر زۆر ساویلکانە و بە ڕۆمانسـیانەوە باسیان لە یاخییانی سووریا دەکرد، لە ڕاستیشدا هەر سێ وڵاتی سـعوودیە و قەتەر و تورکیا، ئەو سـێکوچکە تەنیایە نەبـوون کە هاریکارییان بۆ یاخییانی سـووریا دەنارد، دواتـر ئەمەریکاش هەمان سـیناریۆی دووپات کردەوە و بە خراپی بە سـەریدا شـکایەوە، چونکە بووە هۆی بەهێز کردنی داعش، ئێسـتاش داعش هەڕەشەیە نەك تەنیـا بۆ ڕژێمەکەی ئەسـەد، بەڵکوو بۆ حکوومەتی بەغدا و حکوومەتی هەرێمی کوردستانیش هەڕەشەیە، ئەگەرچـی حکوومەتەکـەی مالیکی بـە ڕواڵەت دیموکرات و لایەنگری ڕۆژئاوا بوو، بەڵام حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە دڵنیاییەوە لایەنگری ڕۆژئاوایە، یەکێکە لە هاوپەیمانانی سـەرەکی لە شـەڕی دژ بە تیرۆر لە جیهاندا.

پێویستە شکستێکی سیاسیی لەم چەشنە ببێتە زەنگێکی هۆشیار کردنەوە بۆ سەرکردەکانی ئەمەریکا، ئەوانەیان بە فیز و لووت بەرزییەوە باوەڕیان بەوە بوو، کە لە توانادایە کەسانی لایەنگر بە خۆیان لە وڵاتانی دیکەدا هەڵبژێرن و لە سەر هێڵ بیانهێڵنەوە، هەڵکشانی داعش بەڵگەیەکی حاشـا هەڵنەگرە سەبارەت بەوەی چۆن پشتیوانییەکانی ئەمریکا لە جێی خۆیاندا نەبوون، دەرەنجامی پێچەوانەی لێ کەوتەوە دژ بە بەرژەوەندییەکانی ڕۆژئاوا.

ئەوەتا یاخییانی سـووریا و هاوپشتانیان لە سعوودیە و قەتەر و تورکیاوە، سەرکەوتووانە بەرپرسانی ساویلکەی ئەمریکاییان چەواشـە کرد، ئێستا لایەنانی هاوسۆزی ئەمەریـکا، کە هاوسـۆزن لەگـەڵ دیموکراتیەت لە کوردستان و بەشەکانی دیکەی عیراقدا، کەوتوونەتە بەر شاڵاوی مەترسییەکانی داعشەوە، باجێکی گرانی هەڵە کوشندەکانی واشنتن دەدەن.

**ئیدارەی ئۆباما بە نیگەرانی و ترسەوە دەڕوانێتە ئەو هەموو چەکە ئەمەریکییەی کە لە سوپای عیراق بەجێ هێڵدرا و ئێستا بووەتە پاڵپشت بۆ بەهێز کردنی دڵڕەقترین ڕێکخراوی تیرۆریستی لە دنیادا**

---

*** تـۆژەری باڵا و جێگـری سـەرۆکی پرۆگرامەکانی ئامـۆژگای کاتۆ و نووسـەری گۆڤاری (زە ناشـناڵ ئینتریسـت) و (وەرزنامـەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاسـت) و (گۆڤاری گولان).**



**لیوا شەهاب ئەحمەد دهۆکی**

ڕاگری ئەکادیمیای سەربازیی زاخۆ بۆ گوڵان:

# تیرۆریستانی داعش تەنیا لە مووسڵ بایی ٨ ملیار دۆلار چەکیان دەستکەوتووە

**گرنگترین شت بۆ ئەفسەر لێهاتوویی جەستەیی و دڵسۆزیەتی بۆ جێبەجێ کردنی ئەرکەکەی، کە ئەم فاکتەرە لە هەر ئەفسەرێک هەبێت، هەر جۆرە چەکێک بێنن لە ماوەیەکی زۆر کورتدا، هەفتەیەک بە باشی فێری دەبێت بەکاری دەهێنێت**

# داعش ١٢ فەرماندەی فیرقەی سەردەمی سەدامیان بردووە بۆ لای ئەبووبەکری بەغدادی و کۆبوونەوەی لەگەڵ کردوون کە چۆن پلانی سەربازی دابڕێژێت بۆ هێرش کردنە سەر کوردستان

**ماوەی زیاتر لە دوو مانگە هێزی پێشمەرگەی کوردستان لەگەڵ تیرۆریستانی داعش کەوتۆتە شەڕێکی تازە و چاوەڕوان کراوەوە، کە ئێستا دەوڵەتێکی تیرۆریستی بە ناوی دەوڵەتی ئیسلامی دامەزراندووە. ئەم دەوڵەتە بە ناو ئیسلامییە کە بڕوای بە هیچ سنوورێك نییە و داوای دامەزراندنی خەلافەتی ئیسلامی دەکات لە سەرتاسەری ناوچەکەدا، هەڕەشەیەکە رووبەڕووی هەموو جیهان بۆتەوە. ئێستا هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە بری هەموو جیهان شەڕی ئەم دەوڵەتە تیرۆریستە دەکات. بۆ قسە کردن لەبارەی شێوازی ئەم شەڕە تازەیە، سەبارەت بە هێزی پێشمەرگەی کوردستان و قەبارەی ئەو چەکەی تیرۆریستانی داعش لە یەکە سەربازییەکانی عێراق دەستیان کەتووە، هەروەها چۆنیەتی رووبەڕوو بوونەوەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لەگەڵ تیرۆریستانی داعش، سەردانی ئەکادیمیای سەربازیی زاخۆمان کرد، ئەم وتوێژەشمان لەگەڵ لیوا شەهاب راگری ئەکادیمیای سەربازیدا کرد.**

***ئەو شەڕەی ئێستا هێزی پێشمەرگەی کوردستان رووبەڕووی بۆتەوە، شەڕی تیرۆریستانە، دیارە سروشتی شەڕی تیرۆریستان جیاوازە لەگەڵ شەڕی نیزامی، ئایا ئێوە وەك ئەکادیمیای سەربازی لە رووی زانستی سەربازییەوە چۆن ئەم شەڕە تازەیە پێناسە دەکەن؟**

-ئەم شەڕەی ئێستای هێزی پێشمەرگە لەگەڵ تیرۆریستانی داعش رووبەڕووی بۆتەوە شەڕێکی تازەیە، تیرۆریستان شەڕی بەرەیی بە پێی سیستەمی سەربازی ناکەن، بەڵکوو ئەوان شەڕێکی پارتیزانیی خۆکوژانە دەکەن، بۆیە کاتێك وەك فەرماندەیەکی سەربازی پلان بۆ شەڕێك دەدانێین،پێویستەپێش هەموو شت ئەو فەرماندە سەربازییە ئەوە لەبەر چاوی خۆی دابنێت، کە هەیکەلی سەربازیی دوژمنەکەی و تاکتیك و شێوازی شەڕ کردن و ئەو چەکەی لەبەر دەستی دوژمنەکەیەتی چۆنە، بۆ ئەوەی لەسەر بنەمای تاکتیك و هەیکەل و جۆری چەکەکەی، پلانی بۆ دابنێت و رووبەڕووی ببێتەوە، بۆیە ئەو تیرۆریستانەی داعش کە ئێستا شەڕی هێزی پێشمەرگەی کوردستان دەکەن، ئەو تیرۆریستانەی پێش رۆژی ١٠ی حوزەیرانی رابردوو نین، لەبەر ئەوەی دوای ئەوەی لە ١٠ی حوزەیراندا مووسڵیان داگیر کرد، تەواوی چەك و تەقەمەنی و ئامێری سەربازیی یەکەکانی دوو و سێ فیرقەی فیدرالی سوپای عێراقیان کەوتە بەر دەست. ئەو چەکانەی کەوتوونەتە بەر دەستی ئەو تیرۆریستانە هەموویان چەکی مۆدێرنی ئەمریکین، لەبەر ئەوەی لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ـەوە کە سوپای عێراق بونیات نرایەوە، هەموو چەکەکانی بوونە چەکی ئەمریکی. ئەم چەکانەش ئێستا هەموو دژی پێشمەرگەی کوردستان بەکار دەهێندرێت، لە بەرامبەردا چەکی دەستی پێشمەرگە چەکێکی ئەوتۆ نییە، ئەگەر لەگەڵ چەکی دەستی تیرۆریستانی داعش بەراوردی بکەین چەکێکی سادەیە، هۆکاری ئەوەی چەکی دەستی پێشمەرگە سادەیە ئاشکرایە. لەبەر ئەوەی لە ماوەی ١٠ ساڵی رابردوودا هێزی پێشمەرگەی کوردستان هاوشانی سوپای عێراق و وەك بەشێك لە سیستەمی بەرگریی عێراق پەرەی پێ نەدراوە و چەکی بۆ دابین نەکراوە، بۆیە لەم حاڵەتەدا ئەرکی هەرە پێشینەی هەرێمی کوردستان ئەوەیە، هەوڵ بدەین سوپایەکی نیزامی لە پێشمەرگە پێك بهێنن، هەروەها دەبێت هەوڵ بدەین چەکی دەستی پێشمەرگە لە چەکی تیرۆریستانی داعش کاریگەرتر و باشتر بێت، بۆ ئەوەی بتوانین ئەو تیرۆریستانە یان هەر دوژمنێکی دیکە کە بیەوێت هێرش بکاتە سەر کوردستان تێك بشکێنین.

***ئایا ئەو بنەمایانە هەن کە بتوانین لەم کاتەدا هەنگاو**

**بۆ سوپایەکی نیزامی هەڵبنێین؟**

-بەڵـــێ تـــا ڕادەیەکی باش ئـــەو ژێرخانەمـــان هەیە، لەبەر ئـــەوەی ئێمە کۆلێژی ســـەربازیمان هەیە، تەنها ئەکادیمیـــای ســـەربازیی زاخـــۆ تا ئێســـتا نزیکەی ٢٧٠٠ ئەفســـەری پێگەیاندووە و دەرچووی ئەم کۆلێژە ســـەربازییەن. لە عێراقدا چوار کۆلیژی سەربازی هەن کـــە ئەکادیمیای زاخۆ یەکێکیانـــە، گەلێك جار کە بۆ هەڵسەنگاندن لیژنەی ســـەربازی هاتوون، ئەکادیمیای زاخۆ لە ســـەرووی هەموو کۆلێژە سەربازییەکانی عێراق دەرچووە، هەروەها ئەو ئەفسەرانەی لای ئێمە دەرچوون ئێستا بەشێکیان گەیشـــتوونەتە پلەی باڵای سەربازی وەك عەمید و عەمید روکن، موقەدەم و رائید، بۆیە ئێمە دەتوانین ئێستا فیرقەیەکی سەربازیی تەواو دابمەزرێنین کە لە پلەکانی فەرماندەی ســـریە و فەسیڵ و فەوجەوە دەرچووی ئەکادیمیای سەربازی بن.

***پێشـــتر تیرۆریســـتان گرووپی بچووك بچووك بوون، راســـتە کاری خۆکوژییان دەکرد، بـــەڵام خاکیان لەبەر دەســـت نەبوو، بەڵام ئێســـتا داعش خاکێکی زۆری لە ناوچەکانی سوننەی عێراق هەروەها لە سووریاشی لەبەر دەستە، ئەمەش مانای ئەوەیە تیرۆریستان بوونە خاوەنی دەوڵەتێکـــی گەورە کە بەس تەنها لەگەڵ پێشـــمەرگە ١٠٠٠ کیلۆمەتر سنووریان هەیە، ئایا لە رووی زانستی سەربازییەوە پێویستە چۆن شەڕی دەوڵەتێکی تیرۆریست بکرێت؟**

-پێش هەموو شـــت دەبێت راشـــکاوانە لەسەر ئەم پرسە هەڵوەســـتە بکەین، بەوەی ئێســـتا تیرۆریستانی داعش رێکخراوێکـــی تیرۆریســـتی نیـــن و بـــەس، بەڵکوو دەوڵەتێکی تیرۆریســـتین، بەپێی زانســـتی سەربازیش ناکرێت هەرگیز دوژمنی خۆت بە کەم سەیر بکەیت، ئەم دەوڵەتە تیرۆریســـتەی لەگەڵ ئەوەی ئەو هەموو چەك و تەقەمەنییە تازەیەی کەوتۆتە بەر دەســـت، لە هەمان کاتدا ژمارەیەکی هێجگار زۆری ئەفســـەرانی پێشووی عێراق، ئەو ئەفسەرانەی لە سەردەمی سەدام ماوەی ٨ ســـاڵ شەڕی عێراق و ئێرانیان کردووە، ئێستا هاوکاریی داعش دەکەن، بەپێی ئـــەو زانیاریانەی ئێمە لامانە، لە دوای داگیر کردنی مووسڵەوە تیرۆریستانی داعش ١٢ فەرماندەی فیرقەی سەردەمی سەدامیان بردووە بۆ لای ئەبووبەکری بەغدادی و کۆبوونـــەوەی لەگەڵ کردوون چۆن پلانی ســـەربازی دابڕێژێت بۆ هێرش کردنە سەر کوردســـتان. بۆیە تیرۆریستانی داعش ئەو ئەزموونەیان نییە چۆن نەخشەی سەربازی بخوێنەوە یان چۆن لەسەر نەخشەی ســـەربازی ئامانجەکان لە سەر زەوی دیاری بکەیـــن، بۆیـــە ئەو تۆپ و هـــاوەن و هەمەر و هەموو جۆرەکانی دیکەی چەك، کە دەست تیرۆریستانی داعش کەوتوون، ئەو ئەفســـەرانە بەکاری دەهێنن کە پێشـــتر ئەفســـەری سوپای عێراق بوون لە ســـەردەمی سەدام. لەبەر ئەوەی ئەو ئەفســـەرانە لە بەرکار هێنانی چەکدا زۆر شـــارەزان، ئـــەو چەکانەش هەمـــوو چەکی تازەن، بەپێی ئەو زانیاریانـــەی لای ئێمەن تەنها لە ماوەی ٣ ساڵی رابردوودا حکومەتی عێراق ٤٣ ملیار دۆلاری بۆ پڕچەك کردنی ١٧ فیرقەی ســـەربازی خەرج کردووە، ئەوجا ئەگەر تەنها حیســـابی ئەو ٣ فیرقەیە بکەین کە لە مووســـڵ چەکەکانی کەوتۆتە دەست تیرۆریستانەوە، مانای ئەوەی بەهـــای نزیکەی ٨ ملیار دۆلار چەکی تازە لەو ٣ فیرقەیەدا کەوتۆتە دەســـتی تیرۆریســـتانی داعشـــەوە، ئەو چەکانەش بریتین لە تۆپی دوورهاوێژ و تانکی پێشکەوتوو، قەبارەیەکی یەکجار گەورەی چەکی دۆشـــکە لە یەك لوولەوە تا چوار لوولە، بۆیە دەبێت لە بەرامبەر ئەم دەوڵەتە تیرۆریســـتە هەڵسەنگاندێکی زۆر ورد بکرێت.

***ئێوە دەزانن تیرۆریســـتانی داعش تـــەواوی چەك و تەقەمەنی و ئامێری ســـەربازیی ٦ فیرقەی سەربازیی عێراقـــی کەوتۆتە دەســـت، دیارە ئێـــوە دەزانن چەك و تەقەمەنیی ٦ فیرقەی ســـەربازیی عێراق کە بە چەکی مۆدێرنـــی ئەمریکی پڕچـــەك کراون مانـــای چییە، لەمەش زیاتر دەزانن هەر تیرۆریســـتێکی داعش خۆی بۆمبێکی بەشـــەرییە، ئایا وەك پسپۆڕێکی سەربازی لە رووی زانستی ســـەربازییەوە رووبەڕوو بوونەی ئەم هێزە تیرۆریستە پێویستی بە چییە؟**

-پێش هەموو شت هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەرگری لە خاکـــی کوردســـتان دەکات، کەواتە ســـتراتیژیەتی ســـەربازیی پێشمەرگە بەرگری کردنە، تەنها لەو کاتەدا هێرش کردنە کە ئەو ناوچانەی داگیریان کردووە دووبارە رزگاریان بکەینـــەوە، بۆیە ئێمە دەبێت ســـتراتیژیەتی بەرگریمان ستراتیژیەتێکی بەهێز بێت و لەسەر بنەمای زانستی سەربازی دارێژرا بێت، هەر بۆ نموونە ئەگەر من فەرماندەی لیوایەکی ســـەربازی بم، دیارە هەر لیوایەك ســـێ فەوجی هەیە، ئەوا دەبێت من وەك فەرماندەیەکی سەربازی هەمیشـــە دوو فەوج لە سەنگەرەکانی پێشەوە دابنێـــم و فەوجێك لە بـــەرەی دواوە بێت، ئەمەش لەبەر ئەوەی کاتێك دوژمن هێـــرش دەکات، هێزی هەر چەند بێت هەر دەتوانێت بە قەبارەی فەوجێك لە ســـەنگەرەکان بێتە پێشـــەوە، بۆیە لەم کاتە من فەرمان دەکەم، فەوجی دواوە جێگـــەی فەوجەکەی پێشـــەوە بگرێتەوە، بەمەش دەتواندرێت هێرشـــەکەی دوژمن رابگیرێت، بۆ ئەمەش پێویستە پێشتر مەشـــق و راهێنانی تەواو کرابێت بەوەی

**دوای ئەوەی لە ١٠ی حوزەیراندا تیرۆریستان مووسڵیان داگیر کرد تەواوی چەک و تەقەمەنی و ئامێری سەربازیی یەکەکانی دوو و سێ فیرقەی فیدراڵیی سوپای عێراقیان کەوتە بەر دەست، ئەو چەکانەشی کەوتوونەتە دەستی ئەو تیرۆریستانە هەموویان چەکی مۆدێرنی ئەمریکین**

چۆن ئەو فەوجەی دواوە جێگەی فەوجەکەی پێشەوە دەگرێتەوە، بۆیە پێویستە لە سەر هەر فەرماندەیەکی لیوا تەنانەت فەرماندەی فەوجەکانیش،پێش هەموو شت بەشێك لە هێزەکانی بکاتە یەدەگ بۆ ئەوەی بتوانێت لە کاتی خۆیدا ئەو هێزە یەدەگە جێگەی هێزەکەی پێشەوە بگرێتەوە، هەر بۆ نموونە فەوجێك چوار سریەیە، سریەیەکی پێی دەگوترێت سریەی پشتیوانی واتە پاڵپشت، ئەم سریەیە فەسیلێکی هەیە تەنها بۆ هاوەن، فەسیلێکی هەیە پێی دەڵێن فەسیلی مقاوەمەی دەبابە، فەسیلێکی هەیە بۆ بەرگریی ئاسمانی کە پێویستە دۆشەکەی ١٤,٥ ملمی یەك لوولە و دوو لوولە و چوار لوولەی هەبێت، ئەمە بەس تەنها لە یەك فەوجی سوپای نیزامیدا، ئەمە بێجگە لەوەی بەتەریەکی تۆپخانەش پاڵپشتی هەموو فەوجەکە دەکات، من لێرەدا باسی لیوایەکی سەربازیی پیادە دەکەم، ئەم لیوایە کە سێ فەوج یان چوار فەوجە، پێویستە بەردەوام کەتیبەیەکی تۆپخانە کە ١٨ تۆپە پشتیوانی ئەو لیوایە بێت، ئەم کەتیبەیە دەبێتە ٣ بەتاریە، هەر بەتاریەیەك بۆ فەوجێکە، ئەوجا ئەگەر بووە هێرش، ئەوا تەواوی کەتیبەکە کە ١٨ تۆپە دەبێتە پشتگیری بۆ ئەو فەوجەی هێرشەکەی لە سەرە، لەلایەنێکی دیکە مەسەلەی کارگێڕیی لیوایە لە کاتی شەڕدا، لەم حاڵەتەدا ئەم لایەنە کارگێڕییە دەبێت راستەوخۆ چەك و تەقەمەنیی پێویست بگەیەنێتە ئەو هێزەی کە چەك و تەقەمەنییەکەی بەکارهێناوە، هەروەها دەبێت یەکەیەکی پزیشکی هەبێت بە دووریی ٣ کیلۆمەتر لە بەرەکانی شەڕ بۆ ئەوەی بە فریای ئەو سەرباز و پێشمەرگانەوە بچێت کە بریندار دەبن، ئەمەش مانای ئەوەیە بە پێی سیستەمی سەربازی کاتێك سەربازێك لە بەرەی پێشەوەی شەڕ دەبێت، ١٣ سەربازی دیکە لە خزمەتی ئەو سەربازە دەبێت.

***ئەوەی ئێستا باس دەکرێت و جەختی لەسەر دەکرێتەوە، ئەوەیە کە دەڵێن پێشمەرگە پێویستی بە چەکی مۆدێرن هەیە، ئێوە دەزانن چەکی تازە پێویستی بە راهێنان هەیە، هەروەها پێویستی بە هاتنی پسپۆر و راوێژکاری بیانی هەیە، ئایا ئێوە وەك ئەکادیمیای سەربازی خۆتان مامۆستای سەربازیتان هەیە کە مەشق و راهێنان لەسەر ئەو چەکە تازانە بە پێشمەرگە بدات؟ ئەگەر وەك پێویست مامۆستای سەربازیتان بۆ ئەو چەکانە نییە چۆن هەماهەنگی لەگەڵ پسپۆر و راوێژکارانی ئەمریکی دەکەن بۆ ئەوەی بە خێرایی پێشمەرگە لەسەر ئەو چەکانە رابهێندرێن؟**

-ئێمە پێشتریش راوێژکارانی ئەمریکا سەردانیان کردووین، بۆیە بۆ بەکارهێنانی چەکی تازە پێویستە خولی راهێنان بکرێتەوە، بەڵام خولی راهێنان بۆ بەکارهێنانی چەکی تازە زۆر نییە لەوانەیە دوو رۆژ تا سێ رۆژی بوێت، بۆیە ئەگەر ئەو راوێژکارانە بێنە لای ئێمە، ئێمە ئەفسەری خۆمانیان دەدەینێ بۆ ئەوەی مەشق و راهێنان بە ئەفسەرەکانی ئێمە بکەن، پاشان ئەفسەرەکانی ئێمە خۆیان ئەو چەکانە بەکار دەهێنن و دەشتوانن پێشمەرگەشی لە سەر رابهێنن، هەروەها زۆر گرنگە بۆ هەموو ئەفسەرانی ئێمە بەوەی هەر چەکێکی نوێ بێت پێویستە خولیان بۆ بکەینەوە و فێری بەکار هێنانی ئەو چەکەیان بکەین. بۆ ئەوەی کاتێك ئەو ئەفسەرە دەگەڕێتەوە فەوجەکەی خۆی یان سریەکەی خۆی، ئەویش خولێك بۆ هەڤاڵانی خۆی بکاتەوە و فێریان بکات. لەمەش زیاتر هەموو ئەفسەرانی ئێمە کە لەم ئەکادیمیایە دەرچوون، هەموویان دەرچووی ئامادەیی زانستی و وێژەیین، هەمووشیان بنەمایەکی زانستیی باشیان هەیە بۆ ئەوەی بە ئاسانی فێری بەکار هێنانی ئەو چەکانە بن.

***بۆ ئەم شەڕە پێشمەرگە پێویستی بە چ جۆرە چەکێکە بۆ ئەوەی باڵانسی هێزی سەربازی بۆ بەرژەوەندیی پێشمەرگە بگۆڕێت، بە تایبەتی ئەو چەکانەی کە پێشمەرگە بە ئاسانی فێریان دەبێت و کاریگەریشن؟**

-پێش هەموو شت ئەو دوژمنەی ئێستا هێرش دەکاتە سەر پێشمەرگە، تیرۆریستانی داعشن، ئەو ئامێرانەی هێرشی پێ دەکەن بریتین لە پیکاب و هەمەر، بۆیە پێویستە ئێمە هەم سەنگەری باش لە سەر بنەمای زانستی بۆ هێڵی بەرگری دروست بکەین، هەمیش بە دووریی ٤٠٠ تا ٥٠٠ مەتر لەو دیوی هێڵی بەرگرییەوە بە شۆفەڵ خەندەقێك دروست بکەین بە پانایی مەترێك بۆ ئەوەی ئەو ئۆتۆمبیلانە نەتوانن بێنە پێشەوە و بکەونە ناو خەندەقەکە، هەروەها دەبێت دەوروبەری سەنگەرەکانی پێشەوە مینڕێژ بکەین و سیمی تەلەزی دابنێین، دەبێت ئەم سیمە تەلەزی و مینڕێژ کردنە لە سنووری ئاگری کلاشینکۆفی پێشمەرگە بێت، چونکە ئەگەر کەوتە دەرەوەی سنووری لوولەی گوللەی کلاشینکۆفەوە، ئەوا دوژمن دەتوانێت مینەکان هەڵبگرێتەوە و سوودیان نامێنێت، ئەوجا لەم سەنگەری بەرگرییەوە زۆر گرنگە پێشمەرگە چەکی دژە تانك و زرێپۆشی هەبێت، ئەمە زۆر زۆر پێویستە، پێویستمان بەو چەکە کاریگەرانەیە کە بەکار هێنانەکەیان سادە بێت بۆ ئەوەی پێشمەرگە بە زوویی بتوانێت فێریان بێت و بە باشی بەکاریان بهێنێت. پێویستە بایەخێکی زۆر بە تۆپ و تۆپخانە بدەین، ئێستا ئێمە تۆپ چەند گەورە بێت زیاتر بایەخی پێ دەدەین و بە کاریگەرتری دەزانین، بەڵام بە پێچەوانەوە،

**تەنها لە ماوەی ٣ ساڵی رابردوودا حکوومەتی عێراق ٤٣ ملیار دۆلاری بۆ پڕچەک کردنی ١٧ فیرقەی سەربازی خەرج کردووە، ئەگەر تەنها حیسابی ئەو ٣ فیرقەیە بکەین کە لە مووسڵ چەکەکانی کەوتۆتە دەست تیرۆریستان مانای ئەووەی بەهای نزیکەی ٨ ملیار دۆلار چەکی تازە لەو ٣ فیرقە کەوتۆتە دەستی تیرۆریستانی داعش**



**ژمارەیەکی هێجگار زۆری ئەفسەرانی پێشووی عێراق، ئەو ئەفسەرانەی لە سەردەمی سەدام ماوەی ٨ ساڵ شەڕی عێراق و ئێرانیان کردووە، ئێستا هاوکاری داعش دەکەن**

**ئەو چەکەکانی دەستی داعش بریتین لە تۆپی دوورهاوێژ و تانکی پێشکەوتوو، هەروەها قەبارەیەکی یەکجار گەورەی چەکی دۆشکە لە یەک لوولەوە تا چوار لوولە، بۆیە دەبێت لە بەرامبەر ئەم دەوڵەتە تیرۆریستەدا هەڵسەنگاندێکی زۆر ورد بکرێت**

ئەگەر هاوەنی ٦٠ملم و ٨٠ملم لە پێشەوە بێت، کاتێك دوژمن هێرش دەهێنێت زۆر کاریگەریی زیاتری لە تۆپی گەورەی دوورهاوێژ زیاترە، لەبەر ئەوەی هاوەنی ٦٠ملم و ٨٠ملم راستەوخۆ بەکار دەهێندرێت و سەر لە دوژمن دەشێوێنێت، بەڵام تۆپی گەورە پێویستی بە دۆزینەوەی ئامانج دەبێت، بۆیە لەوانەیە دوا بکەوێت، بۆیە زۆر گرنگە بایەخ بە هاوەنی ٦٠ملم و ٨٠ملم بدەین، بۆ سەنگەرەکانی پێشەوە زۆر گرنگن، ئەم چەکانەش زۆر سادەن و بەکار هێنانیشیان زۆر ئاسانە، بۆیە هێزی پێشمەرگە پێویستی بە کۆمەڵێك جۆرە چەکی کاریگەر هەیە، بەڵام من پێم باشە چەکەکان کاریگەر بن و بەکار هێنانیان ئاسان بێت.

***ئێستا، دوای بانگێشتی سەرۆك بارزانی بۆ پشتگیری کردنی هێزی پێشمەرگە، خەڵکێکی زۆر خۆبەخشانە روو دەکەنە بەرەکانی شەڕ و هەموشیان بەس کلاشینکۆف خۆیان پێیە، ئاشکراشە لەوانەیە ئەم شەڕە درێژخایەن بێت، چونکە شەڕی تیرۆر تەواو نابێت بە ئاسانی، ئایا ئێوە وەك ئەکادیمیای سەربازی چ پلانێکتان ئامادە کردووە، بۆ ئەوەی ئەو خۆبەخشانە رێك بخەن و وەك هێزی یەدەگ لە کاتی پێویستدا و بە رێکوپێکی بەکار بهێندرێن؟**

-ئێمە وەك ئەکادیمیای سەربازی ئامادەین بۆ هەر ئەرکێك کە فەرماندەیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بە ئێمەی بسپێرێت، ئەوجا ئەو ئەرکە هەر چییەك بێت و چەند قورسیش بێت، بۆیە زۆر گرنگە لەسەر بنەمای سەربازی هەموو کات تۆ دوژمنی خۆت بە بەهێز حیساب بکەیت، پەندێکی کوردی هەیە دەڵێت تۆ هەموو کات دوژمنی خۆت وەك شێر حیساب بکە، ئەوجا ئەگەر شێر هات ئەوا تۆ خۆت بۆ ئامادە کردووە، ئەگەر رێویش بوو ئەوا تۆ دەیگریت و هیچت زەرەر نەکردووە، بۆیە لەم روانگە سەربازییەوە زۆر گرنگە ئێمە تەواو تەواو هەموو ئیمکانیەتی خۆمان رێك بخەین و بە باشترین شێوە ئامادەیان بکەین، هەروەها لە بواری سەربازیدا شکست و سەرکەوتن شتێکی ئاساییە، بەس ئەوەی گرنگە ئەوەیە ئێمە لە شکستدا نائومێد نەبین و لە سەرکەوتندا مەغروور نەبین، لەم بوارەشدا گرنگە ئەو خۆبەخشانە وەك هێزی پشتگیری مەشق و راهێنانیان پێ بکرێت و ئامادە بکرێن بۆ ئەوکاتەی پێویست بن، بەڵام لە هەمووی گرنگتر، گرنگە بۆ ئێستا فیرقەیەك دوو فیرقەی سەربازیی مەشق پێ کراوی پڕچەك لە کوردستان هەبێت، بۆ ئەوەی ئەم دوو فیرقەیە هەموو کات ئامادە بن و پشتگیریی پێشمەرگە و خەڵکی کوردستانیش هەموو کات لە پشتی ئەم دوو فیرقە سەربازییە دەبێت، هۆکاری جەخت کردنەوەشم لە سەر





ئـــەم دوو فیرقە نیزامیە ئەوەیـــە، کاتێك لە فەرماندەی فەســـیلەوە تا فەرماندەی لیوا دەرچـــووی ئەکادیمی بێت، ئەو زانســـتی سەربازیی خوێندووە و دەزانێت چۆن بەرپرســـیاریەتیی سەربازی بگرێتە ئەستۆ و تەحەمولی بکات. لەمەش زیاتر لەو دوو فیرقەیەدا پێویستە دانانی هـــەر فەرمانـــدەی فەوجێك بۆ مـــاوەی ٦ مانگ بە وەکالەت بێت، پاش ئەوەی لە لێهاتوویی ئەو دڵنیا دەبین ئەوا دەبێتە فەرماندەی فەوج، دڵنیا نەبووین دەیگۆڕین و کەسێکی دیکە دادەنێین، لەبەر ئەوەی گرنگترین شت بۆ ئەفسەر لێهاتوویی جەستەیی و دڵسۆزیەتی بۆ جێبەجێ کردنی ئەرکەکەی، کە ئەم فاکتەرە لە هەر ئەفســـەرێك هەبێت، هەر جۆرە چەکێك بێنن لە ماوەیەکی زۆر کورتدا، هەفتەیەك بە باشی فێری دەبێت بەکاری بهێنێت.

***ئێوە وەك ئەکادیمیای ســـەربازی تـــا چەند تەجنید کردنی موالید بە پێویســـت دەزانن، بۆ ئەوەی لاوەکانی کوردســـتان هەموویان مەشقی سەربازییان پێ بکرێت و ســـوود لە تواناکانیان وەربگـــرن، وەك دەزانن ئەوەی لە ١٩٩١ تەمەنی ١٨ ســـاڵ بووە، ئێســـتا سەرووی چل ســـاڵە ئەمەش مانای ئەوەیە بەشـــی هەرە زۆر خەڵکی کوردســـتان لە تەمەنی ١٨ سەرووی چل ساڵی مەشقی ســـەربازیی نەکردووە، ئایا تا چەنـــد گرنگە تەجنیدی موالید دەست پێ بکاتەوە؟**



-پێش هەموو شت لە دوای ئەوەی دەرگای خۆبەخشین کراوەتەوە، خەڵکێکی هێندە زۆر ئامادەی خۆبەخشین بووە، من پێم وایە پێویستمان بە تەجنیدی موالید نییە، بۆیە من پێم باشە دەرگای خۆبەخشین بەردەوام بێت و بۆ ئەوەی خەڵك خۆبەخشانە بێتە ریزی سوپای کوردستانەوە، بۆ ئەم خۆبەخشینەش پێویستە گرێبەستێك ئامادە بکەین، پێویستە ئەم گرێبەستە بۆ ماوەی ١٠ ساڵ کەمتر نەبێت، لەبەر ئەوەی کاتێك ئەو خۆبەخشە دەبێتە سەرباز ئێمە ئامادەی دەکەین و مەشق و راهێنانی بۆ دەکەین، ناکرێت دوای ساڵێك بڵێت من واز دەهێنم، بۆیە من پێم باشە لەو خۆبەخشانە و لەگەڵ ئەو ئەفسەر و پلەدارانەی لە فیرقەکانی سوپای عێراق هەمان بوون، هەموویان کۆ بکەینەوە، ئێمە بە ئاسانی دەتوانین فیرقەیەك دروست بکەین.

***ئێوە وەك ئەکادیمیای سەربازی دیارە ئەفسەر بۆ کوردستان پێ دەگەیەنن، بۆ لەمەو دوا پێویستە ئەفسەرانی کوردستان ئامادە بکرێن بۆ شەڕی دژە تیرۆر، ئایا شەڕی تیرۆریستانی داعش تا چەند گۆڕانکاری بە سەر پرۆگرامی خوێندنی سەربازی لە کوردستاندا دەهێنێت؟**

-ئێستاش لە پرۆگرامی ئەکادیمیای سەربازی ئەو وانانەمان هەیە وەك شەڕی پارتیزانی، پاك کردنەوەی دارستان، شەڕی ناو شاران، بۆیە قوتابیانی ئەکادیمیای سەربازی ئەو وانانەیان هەموو خوێندووە، لە ئێستا بە دواوە زیاتریش جەختی لەسەر دەکەینەوە.

***ئامادە کردنی ئەفسەران بۆ شەڕی دژە تیرۆر پێویستی بە زانستی تازەی سەربازی و دروست کردنی پەیوەندیی ئەکادیمیای سەربازی کوردستان هەیە لەگەڵ ئەکادیمیاکانی سەربازیی رۆژئاوا هەیە، ئایا تا چەند پێویستتان بە پسپۆری بیانی و دروست کردنی پێوەندی لەگەڵ ئەکادیمیاکانی سەربازیی رۆژئاوا هەیە؟**

-ئێمە وەك کۆلێژی سەربازی سەر بە دەسەڵاتی فیدرالی بەغدا بووین، دەسەڵاتی بەغداش هەتا ئێستا بۆ سوپا وەك رژێمەکانی پێشوو سەیری سوپا دەکەن، پێیان وایە لایەنی سەربازی نابێت پێوەندی لەگەڵ هیچ لایەنێك دروست بکات، تەنها دەبێت لەگەڵ بەغدا پێوەندیمان هەبێت.

***خوێندنی باڵا لە بواری زانستی زۆر گرنگە، ئایا تا چەند زەمینەتان دەستەبەر کردووە بۆ ئەوەی ئەفسەرانی کوردستان بچنە دەرەوە خوێندنی باڵای سەربازی تەواو**

**پەندێکی کوردی هەیە دەڵێت تۆ هەموو کات دوژمنی خۆت وەک شێر حیساب بکە، ئەو جار ئەگەر شێر هات ئەوا تۆ خۆت بۆ ئامادە کردووە، ئەگەر رێویش بوو ئەوا تۆ دەیگریت و هیچت زەرەر نەکردووە**



**بکەن، ئایا هەتا ئێستا ژمارەی ئەو ئەفسەرانەی لە زانستی سەربازیدا خوێندیان تەواو کردووە ژمارەیان چەندە؟**

-بەڵێ ئێمە ئەفسەرمان هەیە کۆلێژی ئەرکانی لە ئیتالیا تەواو کردووە، هەروەها چوار ئەفسەرمان ناردۆتە بەغدا بۆ خولی فەرماندەیی لە بەغدا، لە یەکەم تا چوارەم لە کۆی زیاتر لە ١٠٠ ئەفسەر لە کۆلێژی ئێمە بوون، بەشێکی ترمان ناردۆتە ئەردەن لەوانەش رائید روکن محەمەد کە ئێستا لە ئەکادیمیای سەربازیی ئێمەیە، لە سەر هەموو کۆلیژی ئەرکانی ئوردن پلەی یەکەمی بەدەست هێنا.

***ئەم ئەکادیمیایە تا ئێستا چەند ئەفسەری دەرچوواندووە؟**

-دیارە لە ئەکادیمیای ئێرە قوتابیانی هەموو عێراق وەردەگرین، تاکوو ئێستا ٥٧٤٢ ئەفسەر لێرە دەرچوون بە کورد و عەرەب و نەتەوەکانی دیکەوە. هەروەها چەندین قوتابییشمان هەیە ئێستا لە کۆلیژی ئەرکان دەخوێنن. بۆیە دووبارەی دەکەمەوە، تەنها بەو ئەفسەرە کوردانەی لەم ئەکادیمیە دەرچوون، دەتوانین فیرقەیەکی نیزامی بۆ کوردستان دروست بکەین.



- لیوا شەهاب ئەحمەد دهۆکی لە ساڵی ١٩٥١ لە دهۆك لە دایك بووە.
- لە ساڵی ١٩٧٢ چۆتە کۆلیژی سەربازیی بەغدا و لە ١٩٧٤ تەواوی کردووە.
- لە ١٩٧٤- ١٩٩١ هەموو پلەکانی سەربازیی بڕیوە تا گەیشتۆتە پلەی عەمید.
- لە دوای ڕاپەڕینەکەی ئاداری ١٩٩١ هاتۆتە ناو لەشکری پێشمەرگەی کوردستانەوە.
- دواتر بۆتە فەرماندەی مەوقیعی دهۆك کە سەر بە وەزارەتی پێشمەرگەی کوردستان بووە.
- لە ساڵی ١٩٩٧ یەکێك بووە لە دامەزرێنەرانی ئەکادیمیای سەربازیی زاخۆ .
- هەمان ساڵ بە فەرمانی سەرۆك بارزانی کرا بە لیوا، هەروەها کراوە بە راگری ئەکادیمیای سەربازیی زاخۆ.
- لە چەندین خولی سەربازیی ناوخۆ و دەرەوە بەشدار بووە، لە ساڵی ٢٠٠٤ و ٢٠٠١ بەشداریی کردووە لە خولی سەربازی لە بەریتانیا، لە ساڵی ٢٠٠٦ بەشداریی کردووە لە خولی بەهێز کردن و پێگەیاندنی ئەفسەراندا کردووە.

**عەمید روکن جەمیل رەشید هەرکی**

**جێگری بەڕێوەبەری پلاندانان و رێکخستنی میلاکی پێشمەرگە لە وەزارەتی پێشمەرگە:**

# پێشمەرگە رووبەڕووی داعشێک دەبێتەوە کە جگە لە چەکەکانی خۆی، چەکی مۆدێرنی پێنج فیرقەی عێراقی دەسکەوتووە



**کاتێك دەڵێن هێزی پێشـــمەرگەی کوردســـتان بەرامبەر بە دەوڵەتێکی تیرۆریســـت لە شەڕێکی قورسدایە. ئەو دەوڵەتە تیرۆریســـتەی داعش، ئیمارەتەکەی مەلا عومەر و تاڵیبان نییە لە ئەفغانستان، کە لە شـــوباتی ٢٠٠١دا ئەمریکا لە ئۆپەراســـیۆنی هەڵۆی تـــووڕە (Operation Eagle Fury) بە هاوپەیمانیی تەواوی جیهـــان، ڕووبەڕووی بووەوە. بۆیە گرنگە لە زاری ئەفســـەرانی پســـپۆڕەوە قەوارەی توانای ســـەربازیانەی دەوڵەتەکەی ئەبووبەکری بەغدادی پیشـــان بدەین، بـــەوەی چۆن پێش ئەوەی مووســـڵ بگرن چۆن لە ماوەیەکی کورتدا توانییان ٥ فیرقەی ســـوپای عێراق تێك بشـــکێنن، ئنجا دەست بە سەر تەواوی چەك و تەقەمەنی و ئامێری سەربازیی ئەو فیرقانەدا بگرن. ئیدی ئەوەی لێرەدا باســـی دەکەین تەنها قەوارەی ئەو چـــەك و تەقەمانیانەیە کە داعش دوای داگیر کردنی مووســـڵ دەستی بە سەردا گرتوون، بێگومان ئاشـــکرایە پێش ئەوەی دەست بە سەر ئەم چەکانەشدا بگرێت، تیرۆریستانی داعش چەکی زۆر باشیان پێ بـــووە، دەنا نەیاندەتوانی فیرقە ســـەربازییەکانی عێراق تێك بشکێنن، ســـەبارەت بەم بابەتە عەمیدی ڕوکن جەمیل ڕەشید هەرکی جێگری بەڕێوەبەری پلاندانان و ڕێکخستنی میلاکی پێشـــمەرگە، لە میحوەری (تەلـــوەرد) بەم جۆرە وەڵامی پرسیارەکانی (گوڵان)ی دایەوە.**

*** لە دوای داگیر کردنی مووســـڵ لە لایەن داعشەوە، چەکدارانی داعش چەك و تەقەمەنیی شـــەش فیرقەی سوپای عێراقیان کەوتە بەر دەست، ئایا وەك ئەفسەرێکی شارەزا قەوارەی ئەو چەك و تەقەمەنییەی دەست داعش کەتووە چەندە؟**

- ئـــەو چەك و تەقەمەنییـــەی داعش لە دوای داگیر کردنـــی مووســـڵ و تکریتەوە دەســـتی کەوتـــووە، لە سەربازگەی سەرەکی بووە، کە ئەوانیش بریتیی بوون لە (جبەخانە و سەربازگەی تکریت، سەربازگەی غەزلانی لە مووسڵ)، ئەو ســـەربازگانە چەك و تەقەمەنییەکی هێجگار زۆریان تێدا بوو. ئەم چەك و تەقەمەنیانە ئەگەر هەمووشـــی بەر دەستی داعش نەکەوت بن، ئەوا بەشی زۆر بەر دەستی چەکدارانی داعش کەوتووە، لەبەر ئەوەی لە کاتی لەبەریەك هەڵوەشانی ئەو فیرقە سەربازیانەی عێراق، هاووڵاتیانیش چوونە ناو سەربازگەکان و تالآنیان کردن، بەڵام بەشی هەرە زۆری بەر دەستی تیرۆریستانی داعش کەوت. ئەوجا ئەگـــەر بێتوو ئێمە لە پێکهاتەی یەك فیرقەی سەربازییەوە قەوارەی ئەم چەکانە حیساب بکەین، ئەوا بەم جۆرەیە:

١- فیرقەیەکی سەربازیی عێراق لە ٣ لیوا پێك دێت.

٢- هەر فیرقەیەك ســـێ کەتیبەی گەورەی تۆپخانەی هەیە، کە هەر کەتیبەیـــەك ٢٤ تۆپی گەورە لە خۆی دەگرێت.

٣- هـــەر فیرقەیەك کەتیبەیەکـــی هاوەنی (١٢٠ ملم، ٨٠ملم)یان هەیە.

٤- هەر لیوایەك لە ٤ فەوج پێك دێت، هەر فەوجێك ٧٥٠ ســـەربازە، ئەمە بێجگە لە سریەی پشتگیر و بارەگای لیوا، بۆیە هەر لیوایەك نزیکەی ٥٠٠٠ تا٦٠٠٠ سەرباز لە خۆی دەگرێت.

٥- بەشـــی زۆری چەکی دەستی ســـەربازەکانی ئەو فیرقانـــە بریتیـــن لە چەکـــی (M4، M16)، ئەوانەش هەموو چەکی ئەمریکین.

*** ئایـــا ئەو چەکانە هەمووو دابـــەش کرا بوون، یان لە جبەخانەدا مابوون و دابەش نەکرا بوون؟**

- دیارە ئەو سەربازانە هەموویان چەکیان پێ بووە، بەڵام چەکی ئەمریکی هەمووو دابەش نەکرا بوو، زۆربەی لە جبەخانەی سەربازیدا بوون، بەڵام داعش ئەو جبەخانانەی کۆنترۆڵ کرد و دەستی بە سەر ئەو چەکانەدا گرت، بە پێی ئەو زانیاریانـــەی ئێمە هەمانە و لە برادەرانمان لە ناو ســـوپای عێراق پێمان گەیشتووە، بەشی زۆری ئەو چەکانـــەی لە ناو ئەو جبەخانە ســـەربابیانەدا هەڵگیرا بـــوون، هەموویان چەکی (M4، M16) ئەمریکی بوون، ئەوجا مەسەلەکە هەر ئەو چەکانە نییە، بەڵکوو پێشتریش



**تیرۆریستانی داعش مەشق و راهێنانێکی زۆریان لە سەر بەکارهێنانی چەک کردووە، هەروەها لە دوای داگیر کردنی مووسڵەوە ژمارەیەک لە ئەفسەرانی پێشووی عێراق چوونە ناو داعشەوە**

تیرۆریستانی داعش چەکی باشیان هەبووە، لەبەر ئەوەی ئەو تیرۆریستانە لە سووریاوە هاتن و چەکێکی زۆریان پێ بوو، خۆ ئەگەر چەکی باشیان پێ نەبوایە چۆن ئەو هەموو هێزە سەربازییەی عێراق لەبەریەك هەڵدەوەشا، ئەو چەکانەشی کە لەبەر دەستیانە، هەمووی لەو میحوەری ئێمە لە دووبز تا تەلوەرد بەکاری دەهێنن. ئەمەش مانای ئەوەیە ئەو چەکانە کەتوونەتە دەستی داعشەوە.

*** ئایا یەدەگی چەك و تەقەمەنیی ئەو فیرقە سەربازیانە بە چەند مەزندە دەکرێت؟**

- لە سوپای عێراقدا سیستەمی چەك و تەقەمەنیی یەدەگ لە فیرقەکاندا نییە، ئەوەی دابەش دەکرێت ئەوا دابەش دەکرێت، ئەوەی دەمێنێتەوە لە جبەخانەی سەر بە وەزارەتی بەرگری دەمێنێتەوە، کە پێی دەگوترێت (بەڕێوەبەرایەتیی چەکسازی و پێدان: مدیریە التسلیح والتجهیز)، بەڵام هەر فیرقەیەك بە پێی میلاکی خۆی چەکی پێ دەدرێت، بۆیە ئێمە کاتێك باسی فیرقەیەك دەکەین کە ٣ لیوایە، هەر لیوایەکیش نزیکە ٥-٦ هەزار سەبازە، ئەمە مانای ئەوەیە فیرقەیەك سێ ئەوەندەیە، سەرووی ١٥ هەزار سەربازە و ئەمانە هەموویان چەکیان پێ دراوە و چەکی هەمەجۆریان پێ دراوە، بنەمای دروست کردنی سوپا لە هەر وڵاتێك بریتییە لە چەند خاڵێکی سەرەکی، ئەوانیش بریتین لە: (توانای دارایی، توانای مرۆیی). ئەم دوو بنەمایە هەبوو سوپا دروست دەبێت. لە ناو سوپاش سێ بنەما هەیە، کە بریتین لە: (بیر و باوەڕ، مەشق و راهێنان، چەکدار کردن و دابین کردنی لۆژیستی). سوپای عێراق لەم سیانە دووانی هەبوو، بەڵام بیر و باوەڕی نەبوو، لەبەر ئەوەی ئەگەر بیر و باوەڕ هەبووایە سوپای عێراق بەو خێراییە لەبەریەك هەڵنەدەوەشا.

*** ئەگەر باس لە تاکتیکی تیرۆریستانی داعش و چۆنیەتی بەکار هێنانی قەبارەی ئەو چەکە زۆرە بکەین، ئایا تا چەند داعش سوودی لەو چەکانە وەرگرتووە؟**

- پێش هەموو شت، تیرۆریستانی داعش مەشق و راهێنانێکی زۆریان لە سەر بەکارهێنانی چەك کردووە، هەروەها دوای داگیر کردنی مووسڵەوە ژمارەیەك لە ئەفسەرانی پێشووی عێراق چوونە ناو داعشەوە، ئاشکرایە ٨٠٪ی ئەفسەرانی سوپای پێشووی عێراقیش خەڵکی مووسڵ و تکریت بوون، بۆیە ئێستا بەکارهێنانی ئەو چەکانە لە لای ئەوان ئاسانە، زۆر جار کە ئێمە بە هاوەن بۆمبابارانیان دەکەین، ئەوان دوای ماوەیەکی زۆر کورت هەمان شوێن بۆردمان دەکەنەوە، ئەمەش مانای ئەوەیە خەڵکێکی شارەزایان لەگەڵدایە و دەتوانن زۆر بە باشی ئەو چەکانە بەکار بهێنن.

*** ئایا لەو ماوە کورتەدا تا چەند پێشمەرگە شارەزای تاکتیکەکانی چەکدارانی داعش بووە؟**

- تێڕوانیمان وەك هێزی پێشمەرگە بۆ تیرۆریستانی داعش، ئێستا بە بەراورد لەگەڵ دوو مانگ بەر لە ئێستا جیاوازە، ئێستا تا رادەیەکی زۆر شارەزایی تاکتیك و شێوازی هێرشەکانیان بووین، هەر بۆ نموونە بۆمان دەرکەوتووە لەو هێرشانەی دەیکەنە سەر پێشمەرگە، ئەگەر پێشمەرگە بۆ ماوەی نیو سەعات یان کاتژمێرێك بەرگری بکات، ئەوان دەکشێنەوە و هێرشەکە کۆتایی پێ دەهێنن و خۆیان ناگرن، ئێستاش کە ئێمە بەرگری لە

**پێشتریش تیرۆریستانی داعش چەکی باشیان هەبووە، لەبەر ئەوەی ئەو تیرۆریستانە لە سووریاوە هاتن و چەکێکی زۆریان پێ بوو، خۆ ئەگەر چەکی باشیان پێ نەبوایە چۆن ئەو هەموو هێزە سەربازییەی عێراق لەبەریەک هەڵدەوەشا**



**ئێستا بە بەراورد لەگەڵ دوو مانگ بەر لە ئێستا جیاوازە، ئێستا تا رادەیەکی زۆر شارەزایی تاکتیک و شێوازی هێرشەکانیان بووین**

سنووری کوردستان دەکەین، ئەم بەرگری کردنە پێویستی بە سێ قۆناخە، یەکەم دەست نیشان کردنی سەنگەری بەرگری، دووەم بەهێز کردنی سەنگەرەکانی بەرگری، سێیەم بەڕێوە بردنی شەڕی بەرگری. بۆیە ئەرکی ئێمە لەم قۆناغەدا پیادە کردنی ئەم سێ هەنگاوەیە، بۆیە گرنگە لە هەموو بەرەکانی بەرگریدا سەنگەرەکان زۆر قایم بکرێن، بۆ ئەوەی پێشمەرگە بتوانێت بەرگریی تێدا بکات.

*** پێشمەرگە سەلماندنی کە ورە پۆڵایین و خۆڕاگرە، ئایا چۆن ئەو ورە و خۆڕاگرییە پارێزگاریی لێ دەکرێت؟**

- سەرچاوەی ورەی پێشمەرگە بیر و باوەڕەکەیەتی، دیارە پێشمەرگە بیر و باوەڕێکی لە پشتە کە بۆتە پێشمەرگە، ئەو بیر و باوەڕەش ئەوەیە پێشمەرگە بڕوای بەوە هەیە، کە بەرگری لە خاك و گەلی کوردستان دەکات، هەروەها بیر و باوەڕی پێشمەرگە ئەوەیە جارێکی دیکە ڕێگە نەدرێت ئەنفال و جینۆساید دووبارە بێتەوە.

*** ئایا تا چەند هاتنی چەك بۆ هێزی پێشمەرگە لە لایەن وڵاتانەوە کاریگەریی لە سەر بەرگری و ورەی پێشمەرگە هەبووە؟**

- پێش هەموو شت پێشمەرگەی کوردستان ئەگەر ورەیەکی زۆر بەرزی نەبوایە، ماوەی دوو مانگە نەیدەتوانی لەگەڵ دەوڵەتێکی تیرۆریست شەڕ بکات کە باشترین چەکی سەردەمی لەبەر دەستە، بەڵام زۆر جار نەبوونی چەکی پێویست بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی ئەو چەکانەی دەستی دوژمن وا دەکات، پێشمەرگە نەتوانێت ئەو چەکە تازانە تێك بشکێنێت، هەر بۆ نموونە پێشمەرگە ناتوانێت بە کلاشینکۆف شەڕ لەگەڵ هەمەر بکات، بۆیە کە حەوت تا هەشت هەمەر پێکەوە هێرش دەهێنن و پێشمەرگە چەند بە کلاشینکۆف شەڕیان لەگەڵ بکات، کاریگەریی لەسەر هەمەر نابێت، بۆیە لەم حاڵەتەدا پێویستی بە چەکێکە کە بتوانێت ڕووبەڕووی ئەو چەکە تازانە بێتەوە، بۆیە ئەو بڕیارەی ئەمریکا و دەوڵەتانی دیکەی ئەوروپا بەوەی ئامادەن چەك بە هێزی پێشمەرگە بدەن، ئەمە کاریگەرییەکی گەورەی خستووەتە سەر ورەی پێشمەرگە، لەبەر ئەوەی پێشمەرگە لە رادەبەدەر ئازایە و ئامادەی قوربانیدانە، بۆیە ئەگەر ئەو چەکانە بگەنە دەستی پێشمەرگە، ئەوا زۆر لەوەی زیاتر مەزندە دەکرێت هاوسەنگیی هێز بۆ بەرژەوەندی پێشمەرگە دەگۆڕێت، بۆیە لەم چوارچێوەیەدا ئەگەر ورەی پێشمەرگە پێش ئێستا ١٠٠٪ بوو بێت، ئێستا لە هەزار زیادی کردووە، ئەمەش مایەی دڵخۆشییە. ئاشکراشە هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە ساڵی ٢٠٠٣ – ٢٠١٤دا کە ماوەی ١١ ساڵ دەکات، نەتوانراوە لەبەر هۆکاری سیاسی و ئاستەنگەکانی حکوومەتی بەغدا، هیچ پەرەپێدانێك بە خۆیەوە ببینێت، نەیتوانیوە ببێتە خاوەنی ئەو چەکەی کە پێویستیەتی، لەمەش زیاتر لەبەر هۆکاری سیاسی نەدەتوانرا چەکیش بۆ پێشمەرگە بکڕدرێت، بۆیە ئەوەی هەیە ئەو هێزی پێشمەرگەی کوردستانە کە بە توانای کەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان هەبووە، بۆیە ئێستا زۆر لە دەوڵەتان ئامادەییان پیشان داوە چەك بدەنە پێشمەرگە، دەبێت ئەوە بزانین ئێستا ئێمە لە قۆناغێکی دیکەدایین.

**پێشمەرگە لە رادەبەدەر ئازایە و ئامادەی قوربانیدانە، بۆیە ئەگەر ئەو چەکانە بگەنە دەستی پێشمەرگە، ئەوا زۆر لەوەی زیاتر مەزندە دەکرێت هاوسەنگیی هێز بۆ بەرژەوەندی پێشمەرگە دەگۆڕێت**



**دکتۆر سامان حوسێن بەرزنجی**

**بەڕێوەبەری گشتیی تەندروستیی هەولێر بۆ (گوڵان):**

# هەرێمی کوردستان پێویستی بە دامەزراوەیەکی مۆدێرنی پزیشکیی پێشمەرگە هەیە

سەبارەت بە بارودۆخی تەندروستی و ئامادەباشی بۆ هەر پێشهات و رووداوێکی نەخوازراو، هەروەها لە پێناو پێشوازی کردنی ئەو نەخۆش و بریندارانەی پێشمەرگە و ئاوارەکان، دکتۆر سامان حوسێن بەرزنجی لە لێدوانێکی تایبەت بۆ (گوڵان) گوتی: دوو مانگ بەر لە ئێستا لە شارۆچکەی بەرتللە تەقینەوەیەکی گەورە رووی دا، دەستبەجێ تیمێکی هێزی کار لە بەڕێوەبەرایەتیی تەندروستیی هەولێر دامەزرا و توانیمان تیمەکانی فریاگوزاری و ئەمبولانس بنێرینە شوێنی رووداوەکە و چارەسەری فریاگوزاری پێشکەش بە بریندارەکان بکەین، پاشان لەگەڵ دەست پێ کردنی رووداوەکانی ئەم دواییەی شاری مووسڵ و هێرشی تیرۆرستیانی داعش بۆ سەر کوردستان، توانرا بە سەرپەرشتیی پارێزگاری هەولێر و رێنماییەکانی وەزیری تەندروستی، کار و چالاکی بەجێ بگەیەنین و پلانی (A و B) دابنێین. بەمەش بووینە خاوەن پلانێکی پێشکەوتووی فریاگوزاری بۆ پێشوازی کردنی بریندار و قوربانیانی شەڕ و رووداوەکان و ئامادە کردنی دەرمان و پێداویستی پزیشکی و تاقیگە بە ئەندازەی پێویست، تەنانەت لیژنەیەکی باڵا بۆ دەست نیشان کردنی ئەو پێشمەرگە نەبەردانەش دامەزرا، کە لە سەنگەری بەرگریدا بریندار دەبن و پێویستیان بە گواستنەوە هەیە بۆ چارەسەری زیاتر لە نەخۆشخانە و سەنتەرەکانی پێشکەوتووی دەرەوەی وڵات.

بە شێوەیەکی گشتی، وەك دکتۆر سامان گوتی: ئێمە و لایەنانی پێوەندیداری دی لە هەردوو بواری ئامادەباشی و فریاکەوتنی بریندارانی پێشمەرگە نەبەردەکانی کوردستان، لە جێبەجێ کردنی پلانەکەماندا سەرکەوتوو بووین. بۆ ئەم مەبەستە پارێزگای هەولێرمان بۆ ٣ میحوەر دابەش کردووە: (میحوەری رۆژهەڵاتی مووسڵ لە خازر و قەرەقوش و ناوچەکانی دەوروبەریان، میحوەری گوێڕ قەراج (مەخموور)، میحوەری دووبز و رەشاد (رێی کەرکووك)، تەنانەت لەو میحوەر و شوێنانەش بنکەی فریاگوزاریی جێگیرمان لە نزیك هێڵی دواوەی سەنگەرەکانی پێشەوەی پێشمەرگە








دامەزراندووە. لە میحوەری مووسڵ بنکەی تەندروستیی سارێژیشمان لە خەبات دامەزراند، هەروەها لە میحوەری گوێڕ و مەخموریش بنکەی فریاگوزاریی تەندروستیی مەخمور و شێراوەمان لە سەر ڕێی کەرکوک دانا بۆ ئەم مەبەستە. بە بەردەوامیش لە هێڵەکانی پێشەوەی سەنگەری پێشمەرگە تیمەکانی پزیشکی و ئەمبوڵانس لەگەڵ هێزی پێشمەرگەدا بوون .

سەبارەت بە ئامادەباشیی نەخۆشخانەکانی ناو شاری هەولێریش، بەڕێوەبەری گشتیی تەندروستیی هەولێر گوتی: نەخۆشخانەی فریاکەوتنی ڕۆژئاوا و ئیمێرجنسی لە ئامادەباشیدا بوون بۆ پێشوازی کردنی بریندارانی پێشمەرگە کە ڕۆڵی سەرەکییان بینیوە و ئامادەییان هەبووە بۆ دەستبەجێ فریاکەوتن و بەجێ گەیاندنی نەشتەرگەری بە رادەیەك بە بەردەوامی و بە درێژایی شەو و ڕۆژ دەمودەست نەشتەرگەری بۆ پێشمەرگە کراوە، بۆ بەدەنگەوە هاتنی ئەو پاڵەپەستۆ و خزمەتەش، دەرمان و پێداویستی پزیشکییان بۆ دابین کراوە تەنانەت سەنتەری گواستنەوەی خوێن ٢٤ کاتژمێر بۆ خوێن وەرگرتن کاریان کردووە. لە هەموو بنکەکانی تەندروستیی ئەو قەزا و ناحیە و گوندانەی نزیك بەرەکانی شەڕ بوون، سوودمان وەرگرتووە. دوای ئەوەی قەزای مەخموور و ناحیەی گوێڕ ڕزگار کرانەوە، ستافی تەواوی پزیشکان و کارمەندانی تەندروستی گەڕانەوە سەر ئیش و کارەکانیان، ئێستاش پاڵپشتی و هاوکاریی زۆری بریندارن و هێزی پێشمەرگە دەکەن و بە بەردەوامیش لەگەڵ پزیشك سەردانی مەیدانییان دەکەین، تا لە نزیکەوە ئاگاداری گرفت و کێشەکان و دابین کردنی پێداویستەکان بین.

بەڕێوەبەری گشتیی تەندروستیی هەولێر دەڵێ: تیمەکانی پزیشکی و بنکەکانی تەندروستیمان بە بەردەوامی پاڵپشتی و هاوکاریی ڕێکخراوەکانی خێرخواز و هێزەکانی خۆبەخشانیان کردووە، لەم ڕووەوە ڕۆڵمان هەبووە لە پێشخستنی کار و چالاکییەکانیان . ئێستا نەخۆشخانەکانی وەك بارزان و چۆمان و سۆران و قەزا و ناحیەکانی دیکەی پارێزگای هەولێر، ئامادەکاریی باش هەبووە بۆ یارمەتیدانی هێزەکانی پێشمەرگە و گەیاندنی کۆمەکی تەندروستی، بۆ نموونە بەڕێوەبەرایەتیی تەندروستی و نەخۆشخانەی بارزان بۆ هێزی پێشمەرگە و ئاوارەکانی شنگال لە ناحیەی سحێلا دەرمان و پێداویستی پزیشکییان ناردووە. تیمەکانی پزیشکی و ئەمبوڵانسی ئێمە بەردەوام هاوکاریی ئاوارەکانی ناوچەی سحێلا و شەنگالیان کردووە، بەڕێوەبەرایەتیی تەندروستیی سۆران و چۆمانیش بۆ میحوەرەکانی گوێڕ

و مەخموور بە تیمی پزیشکی و ئەمبوڵانسەوە هاتن.
دکتۆر سامان بەرزنجی دەشڵێ: لە کاتی پێویستیشدا ڕێنماییمان بە هەموو بنکە و نەخۆشخانەکانی ناو شاری هەولێر داوە، کە لە کاتی پێویستدا بە هەموو توانا و پزیشك و کارمەندی خۆیانەوە لە ئامادەباشیدا بن، تەنانەت مۆڵەتی ئاسایی و سەفەرمان بە ڕادەیەکی زۆر ڕاگرتووە، ڕۆژانی پشووشمان لە کاتی پێویستدا ڕاگرتووە، گشتاندنمان بۆ هەموو کۆگاکانی دەرمانیش ناردووە کە لە کاتی پێویستدا لە ئامادەباشیدا بن، هەر دەرمان و پێداویستێکی پزیشکی نەبێت، لە دەرەوەی وڵاتەوە بهێندرێت و بۆ ئەم مەبەستەش چەندین لیستی پێداویستی پزیشکی و دەرمانمان ئامادە کردووە و دراوەتە وڵاتانی کۆمەکبەخش و ئاژانسەکانی پەیوەندیداری نەتەوە یەکگرتووەکان، تاکوو لە کاتی لە ناکاو و کتوپڕ و ڕووداوی نەخوازراودا، تەنیا پشت بەو دەرمانە نەبەستین کە زۆر بە کەمی لە عێراقەوە بۆمان دێت. ئەم تیمە فریاگوزاریانەش لەگەڵ پزیشکی هێزەکانی پێشمەرگە هەماهەنگیی تەواومان هەیە، کە بە داخەوە لە ئاستێکی پێویستی فراوانی بەرەکانی جەنگ و کارە تیرۆریستییەکان نییە.

سەبارەت بە بارودۆخی ئاوارەکان و ئەو لێشاوە زۆرەی پەنابەران کە ڕووی لە کوردستان بە گشتی و هەولێر بە تایبەتی کردووە، بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی هەولێر گوتی: بۆ بەهاناوە چوون و چارەسەر کردنی نەخۆشی ئاوارەکان، دەستبەجێ سەردانمان کردوون و کارمان بۆ کروون، بۆ ئەم مەبەستەش نەخۆشخانەی گەڕۆك و ئەمبوڵانس بۆ کوردانی باکوور لە پارکی شەهید سامی عەبدولڕەحمان و بۆ هاووڵاتیانی مەسیحی لە شارۆچکەی عەنکاوە و بۆ کوردانی کاکەیی لە شوێنی جیاجیای ناو بینایە و دووکانەکانی کەلەك و بۆ کوردانی شەبەك لە



کەمپی بەحرکە، دابین کردووە. هەروەها چەندین بنکەی تەندروستی لە ناو کەمپی بەحرکە و بنکەی تەندروستیی حەبیب مالح لە شارۆچکەی عەنکاوە ٢٤ کاتژمێر کراوەیە.
دکتۆر سامان زیاتر گوتی: ئەمە جگە لە هەڵمەتەکانی خۆپاراستن دژی نەخۆشیی درم و چاودێری کردنی ئاو و خۆراك و هەڵمەتی هۆشیاریی تەندروستی لە کەمپی خازر و شارۆچکەی عەنکاوە. لەم رووەوە هەڵمەتی کوتانی سەرتاسەریمان بۆ ئاوارەکان دەست پێ کردووە بە تایبەتی هەڵمەتی کوتان دژی سووریژە، هەروەها رەوانە کردنی ئەو نەخۆشانەی کە پێویستیان بە نەشتەرگەری و لەدایك بوون و پێداویستی تایبەت هەیە بۆ نەخۆشخانەکان. بە شێوەیەکی گشتی نەخۆشخانە و بنکەکانی تەندروستی بە هۆی ئەو لێشاوەی پەنابەران و ئاوارەوە، لۆد و پاڵەپەستۆیەکی لە رادەبەدەریان لە سەرە، تا ئاستێك ژمارەی نەخۆش چەندین هێندەی لێهاتووە. لێرەوە لە رێی گۆڤاری (گوڵان)ەوە رایدەگەیەنم کە ٥٠ هەزار جورعەی کوتان بۆ پارێزگای دهۆك دەنێرین، تاکوو بۆ بنبڕ کردنی ئیفلیجی منداڵان، بە منداڵانی ئاوارەی شنگال بدرێت.
بەڕێوەبەری گشتیی تەندروستیی هەولێر سەبارەت بە پێشخستن و بەرەو پێش چوونی لایەنی پزیشکیی سەربازی و دامەزراندنی نەخۆشخانە و بنکەی فریاگوزاریی سەربازی گوتی: پێشنیار دەکەین لە سەنگەرەکانی پێشەوەی پێشمەرگە و لە ناو شارەکاندا تیم و هێزی بەردەوامی پزیشکی بە باشترین شێوە دابمەزرێت، ئەوەی ئێستا هەیە پێش بخرێت و ژمارەی پزیشك و کارمەندانی زیاتر بکرێت. بۆ ئەم مەبەستەش دامەزراوەیەکی تایبەت بە پزیشکیی وەزارەتی پێشمەرگە دابمەزرێت و نەخۆشخانەیەك تایبەت بکرێت بە پێشمەرگە، کە سەرجەم کەلوپەل و ئەمبوڵانس و هەیلیکۆپتەری تایبەت بە گواستنەوەی برینداریش دابین بکرێت، لەم رووەوە خۆشبەختانە لە رێی هەلیکۆپتەرەوە توانرا زۆر لە بریندارەکان بە تایبەتی ئەوانەی لە چیای شەنگال بوون، گەیەندرانە نەخۆشخانەکان.





# کوردستان و یەکێتیی ئەوروپا

## لاپەڕەیەکی نوێ لە پێوەندیی نێودەوڵەتی



د. دلاوەر خالید ئاژگەیی *

تایبەت بە گوڵان نووسیویەتی

گۆڕانکارییەکانی ئەم دواییەی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بە تایبەتی دوای هێرشی تیرۆریستانی داعش بۆ سەر عێراق و دواتر هەرێمی کوردستان، هەموو ناوچەکەی خستە سەر بارێکی تایبەتی، کە پێویستی بە پشتگیریی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هەبوو بۆ بەرەنگار بوونەوەی مەترسیی تیرۆر و تێکچوونی ئاسایش و سەقامگیریی کوردستان.

بۆ ئەم مەبەستە کوردستان پێویستی بە پێوەندیی نێودەوڵەتی و دیپلۆماسیەتی بەهێز هەبوو بە سەرکردایەتی و ڕابەڕایەتییەکی لێزان و لێهاتوو، کە لە لایەک بە باشی لە سیاسەتی نێودەوڵەتی گەیشتبێت، لە لایەکی دیکەوە جێی ڕێز و متمانەی وڵاتانی گرنگی جیهان

بێت، کە خاوەن بڕیاری چارەنووسسازن. کەسایەتییەکی بەهێزی سیاسی کە گەلی کوردستان پشتگیری بکات، لە هەمان کاتــدا خاوەن هزرێکی کــراوە و لێبووردە و ئاشــتیخوازانە بێــت و جێی متمانــەی کەمینەکانی کوردستان و عێراق بێت.

ســەرۆک بارزانی، کە بە دیتن و بۆچوونی سەرکردە دیارەکانــی جیهان، بــە تایبەتی ئەمریــکا و ئەوروپا، خاوەنی ئەم پێناسانەیە، بە کردەوەش نیشانی داوە کەسی یەکەمی عێراقــە کە دەتوانرێت متمانەی پێ بکرێت و پشتی پێ ببەســرێت بۆ چارەسەر کردنی قەیرانەکانی عێراق و کردنەوەی گرێ کوێرەکان لە ناوچەکەدا.

جێی ســەرنج و تێڕوانینە، لە وەڵامی رۆژنامەنووسێکی فەرەنسی، کە ئایا لەبەر چی یەکێتیی ئەوروپا ئەمەی بۆ کوردســتانی کرد بۆ ئۆپۆزسیۆنی سووریای نەکرد، گوتــی: هەرێمی کوردســتان پێشــمەرگەی هەیە کە میلیشیا نییە، لە هەمووشی گرنگتر ئێمە لە کوردستان لەگەڵ سەرۆک بارزانی دانوستاندن دەکەین، کوردستان ســەرۆک بارزانیــی هەیە و ئەویش کەســایەتییەکی لێهاتووە، جێی متمانــەی ئەوروپایە، زۆربەی وەزیرانی دەرەوەی وڵاتانی ئەندام لە یەکێتیی ئەوروپا بە تەلەفۆن و لە نزیکەوە قسەی لەگەڵدا دەکەن، هەر بۆیەش ئەوروپا ترســی نییە و دوودڵ نییە لە رادەســت کردنی چەکی پێشکەوتوو بە کورد.

خۆ ئەگەر بە وردی سەیرێکی گۆڕانکارییەکان بکەین دەبینین، کە چۆن وەزیرانی دەرەوەی ئەڵمانیا و فەرەنســا و نەمســا و بەریتانیا و ئەوانــی دیکە، یەک لە دوای یــەک پێوەندی بە ســەرۆک بارزانییــەوە دەکەن بۆ ئاڵوگۆڕ کردنی زانیاری، پێش کۆبوونەوە گرنگەکانیان سەبارەت بە عێراق و کوردستان، پێگەی بەهێزی سیاسی و نێودەوڵەتیی ئەو کەسایەتییەمان بۆ دەردەکەوێت.

ســەردانە یەک لە دوای یەکەکانی سەرۆک بارزانی بــۆ پەرلەمانی ئەوروپا و وڵاتانــی ئەوروپا و ئەمریکا و پێشوازی لێ کردنی لە ئاســتی سەرۆکی وڵاتاندا، گەواهیــی ئەو پێگــە بەهێزەی ســەرۆک بارزانی و کوردستانە لە نێوەندە گرنگەکانی نێودەوڵەتیدا.

بــە هاناوە هاتنــی خێرای وڵاتانی وەکــوو ئەمریکا و فەرەنســا لەو کاتەی کە کوردستان لە هەموو کاتێک زۆرتر پێویســتی بە پشتگیریی ســەربازی و مرۆیی و مەعنەوی هەبوو، نیشانەی ئەو ماندوو بوون و پێوەندییانە، هەروەها ئەو سیاسەتە راستەیە، کە کوردستان لە سایەی سیاســەتی بارزانی لەم چەند ساڵەی رابردوودا پەیڕەوی کــردووە، بەوەی توانیویەتی هەرێمێک دروســت بکات کە وڵاتانی تری گرنگ ئامادەن بە هەموو شــێوەک پشــتگیریی بکەن و بوار نەدەن بکەوێتە ژێر کۆنترۆڵی ناحەزانییەوە. بێگومان ئەمە پەیامێکی روون و ئاشکرایە بۆ گەلی کوردستان، کە جیهان رێ نادات ئەم ئەزموونە ســەرکەوتووە وا بە ئاسانی لەدەست بچێت، پەیامێکیشە بۆ ناحەزانی کوردســتان کە خاکی کوردســتان هێڵی ســوورە. سەرۆک بارزانی هەر لە سەرەتای قەیرانەکەوە زۆر حەکیمانە، بە شێوازێکی پرۆفشیناڵ کار و ئەرکی گرتە ئەســتۆ، جگە لە سەرکردایەتی کردنی بەرەکانی جەنگ، سەرکردایەتیی بەرەیەکی تری گرنگی دەکرد، ئەویش بەرەی دیپلۆماســی بوو، کە رەنگە لە لای زۆر کەس دیار و بەرچاو نەبێت. ئەو دیپلۆماســیەتەی کە کوردســتانی لە گەورەترین مەترسی پاراست و هەموو جیهانــی هێنایە ســەر پێ بۆ پشــتیوانی و هاوکاری کردنی گەلی کوردستان. ڕەوانە کردنی نامەی فەرمی و پێوەندیی تەلەفۆنی و ســەردانی وەزیران و بەرپرسانی ئەمریکی و ئەوروپی، کە زۆر خێرا بوو، ئنجا وەرگرتنی بڕیاری گونجاو لە کاتــی خۆیدا، کارێک نییە وا بە ئاسانی کرا بێت و وا بە ئاسانیش لە سەری تێپەڕین.

لە دوایین کۆبوونەوەی گرنگدا، کە کۆبوونەوەی وەزیرانی دەرەوەی یەکێتیی ئەوروپا بوو، رۆڵی نامەی ســەرۆک بارزانی کاریگەریی راســتەوخۆی هەبوو لە سەر کەش و هەوای دانیشــتنەکە، بوو بە هۆی لابردنی دوودڵیی هەندێک لە وڵاتانــی ئەندام و هاندانیان بۆ یەکدەنگی لەبارەی پشتگیریی سەربازی و مرۆییەوە بۆ کوردستان.

هەر ئەم پێوەندییە بەهێزەش وای کرد، وەزیرانی دەرەوەی وڵاتانــی گرنگی جیهان وەک ئەمریکا و فەرەنســا و ئەڵمانیا، خۆیان سەردانی کوردستان بکەن و لە نزیکەوە گوێیان لە بۆچوونی سەرۆک بارزانی بێت بۆ ئەوەی لە بڕیارەکانیاندا پشتگیریی بارزانییان پێ بێت.

ئەمە لە لایەک، لە لایەکی دیکەوە ســەرۆک بارزانی هەردەم و لە کاتی هەستیاریشــدا، مژدەی ســەرکەوتن و پێشــکەوتنی بــۆ گەلەکەی دووپــات کردووەتەوە، ئەمەش نیشــانەی تەواو بــاوەڕ بە خۆ بوونــە. لێرەدا زۆرمان نەگوتووە ئەگــەر بڵێین، دەرەنجامی ئەو قەیران و مەترسییەی هەرێمی کوردستانی گرتەوە، سەرکەوتن و بەهێز بوونی پێگەی کوردســتان دەبێت لە ناوچەکە و ناوەندەکانی جیهانیدا.

لە کۆتاییشــدا، کوردستان پێگەی سەربازی و سیاسی و ئابووریی خۆی بەهێزتــر دەکات، بە پڕچەک بوونی پێشمەرگە و پشتگیریی نێودەوڵەتی و فرۆشتنی نەوت لە بازاڕەکانی جیهاندا. لە بیریشمان نەچێت ئەوە سەرۆک بارزانی بوو کە مالیکیی گۆڕی.

**سەرۆک بارزانی، بە دیتن و بۆچوونی سەرکردە دیارەکانی جیهان، بە تایبەتی ئەمریکا و ئەوروپا، بەکردەوە نیشانی داوە کەسی یەکەمی عێراقە کە دەتوانرێت متمانەی پێ بکرێت و پشتی پێ ببەسرێت بۆ چارەسەر کردنی قەیرانەکانی عێراق و کردنەوەی گرێ کوێرەکان لە ناوچەکەدا**

**وەزیرانی دەرەوەی وڵاتانی گرنگی جیهان وەک ئەمریکا و فەرەنسا و ئەڵمانیا خۆیان سەردانی کوردستان دەکەن و لە نزیکەوە گوێیان لە بۆچوونی سەرۆک بارزانی دەبێت بۆ ئەوەی لە بڕیارەکانیاندا پشتگیریی بارزانییان پێ بێت**

---

*** نوێنەری حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە یەکێتیی ئەوروپا**



**ستۆران ستیفنسۆن**

**سەرۆکی شاندی پەرلەمانی ئەوروپا بۆ پەیوەندی لەگەڵ عیراق بۆ گوڵان:**

# تەنیا کەسێک بتوانێت تیرۆریستان تێک بشکێنێت و کوردستان بگەیەنێتە ئازادی و سەرفرازی، سەرۆک (مسعود بارزانی)یە



(ستۆران ستیفنسۆن) سیاسەتمەداری ناسراوی سکۆتلەندی، ماوەی زیاتر لە ١٠ ساڵە لە پەرلەمانی یەکێتیی ئەوروپادا نوێنەرایەتیی وڵاتەکەی دەکات، لە ناو پەرلەمانی یەکێتیی ئەوروپاشدا سەرۆکی شاندی یەکێتیی ئەوروپایە بۆ پەیوەندی لەگەڵ عێراق. چەندین جار بۆ راپەڕاندنی کارەکانی سەردانی هەولێر و بەغدای کردووە، ڕێز و خۆشەویستییەکی زۆری بۆ گەلی کوردستان و ئەو پێشکەوتن و ئاوەدانییە هەیە، کە هەرێمی کوردستان بە خۆیەوە بینیوە. ستیفنسۆن، وەك دۆستێکی گەلی کوردستان توانیی لەمساڵدا پرسی بە ژینۆساید کردنی گەلی کوردستان لە پەرلەمانی ئەوروپا بورووژێنێت. لەم دواییەشدا دوای هێرشەکانی داعش بۆ سەر هەرێمی کوردستان، وەك لەم وتوێژەدا بە (گوڵان)ی راگەیاند، لە ناو پەرلەمانی ئەوروپا وتاری لەبارەی هەرێمی کوردستانەوە پێشکەش کردووە، بۆ قسە کردن لەسەر پشتگیریی پەرلەمان و یەکێتیی ئەوروپا بۆ گەلی کوردستان و هێزی پێشمەرگە، بەڕێز (ستیفنسۆن) بەم جۆرە رای خۆی بۆ (گوڵان) دەربڕی.

***دوای راسپاردنی د. حەیدەر عبادی لە لایەن فوئاد مەعسووم سەرۆك کۆماری عێراقەوە، قۆناغی پۆست مالیکی دەستی پێ کرد، ئایا تا چەند بە قۆناغی دوای مالیکی گەشبینن؟**

-لە ڕاستیدا من زۆر گەشبینم بە گۆڕینی نووری مالیکی و دڵخۆشم بە دیاری کردنی د. حەیدەر عبادی بە سەرۆك وەزیران، بۆیە پیرۆزبایی لە فوئاد مەعسووم سەرۆك کۆماری نوێی عێراق دەکەم بۆ ئەو بڕیارەی بە راسپاردنی حەیدەر عبادی و گوێ نەگرتنی لە ناڕەزاییەکانی مالیکی، ئێستا مالیکی بە تەواوەتی لە هەوڵەکانی نائومێد بووە. ئەگەر سیاسەتی هەڵەی نووری مالیکی نەبوایە، ئەو قەیرانەی ئێستا لە عێراقدا هەیە، ڕووی نەدەدا، عێراق بەرەو ئایندەیەکی زۆر باشتر هەنگاوی دەنا.

***ئێوە دەزانن کوردستان سەقامگیر و ئارام بوو، بەڵام داعش پەلاماری کوردستانی دا، هەوڵی دا خاکی زیاتر بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە، ئێستا هێزی پێشمەرگە لە بری جیهان و لە بری هاوپەیمانێتیی دژ بە تیرۆر شەڕی تیرۆر دەکات، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئێوە لە پەرلەمانی ئەوروپا چۆن سەیری ئەم بەرەنگار بوونەوەیەی پێشمەرگە دەکەن؟**

- پێشمەرگە شەڕێکی بوێرانە و قارەمانانەیان لە دژی دەوڵەتی ئیسلامی کرد، دەوڵەتی ئیسلامی یەکێکە لە دڕەترین و ترسناکترین ڕێکخراوی تیرۆریست کە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دروست بوو بێت، تەنانەت قاعیدەش خۆی لێ بە دوور گرتووە بە هۆی دڕەقیی دەوڵەتی ئیسلامییەوە، پێ دەچێت ئەوان پەرۆشی کوشتن و خوێنڕێژی بن، لە بری ئەوەی هەوڵی پێکەوەژیانی ئاشتیانە بدەن لەو خاکانەی هەوڵ دەدەن داگیریان بکەن. پێشمەرگە زۆر ئازایانە ڕووبەڕوویان بوونەوە، بەڵام بە داخەوە پێشمەرگە هەمان ئەو چەکانەی نییە کە دەوڵەتی ئیسلامی لە هێرشەکانیاندا لە دژی سوپای عێراق بەدەستیان هێناوە. کەواتە کاتێك ڕووبەڕووی چەکی مودێرن و ڕۆکێتی مۆدێرن و مووشەکی زەمین بە زەمین دەبنەوە، ئەوا بێ ئەندازە زەحمەت بوو بۆ پێشمەرگە بۆ ئەوەی ئەو خاکانە بپارێزن، ئەمەش وا دەکات ڕۆژئاوا و ئەمریکا و بەریتانیا بیر لە پڕچەك کردنی کوردستان و پێشمەرگە بکەنەوە، چەکی مۆدێرنیان پێ بدەن بۆ ئەوەی بتوانن بە شێوەیەکی کارا بەرەنگاریان ببنەوە، ئێمە دەزانین پێشمەرگە چەند ئازا و بوێرن، بەڵام دەبێت ئامراز و چەکی مودێرنی هەبێت بۆ ئەوەی بتوانن بە ئاستێکی یەکسان بەرەنگاری بکەن، هەروەها پێویستە هێزی ئاسمانیی ئەمریکا پێشڕەویی دەوڵەتی ئیسلامی



**تاکە ڕێگەی کردارەکی لە مەودای کورتدا بریتییە لە پشتیوانی کردنی سیاسەتی ئەمریکا بۆ بەکارهێنانی گورزی ئاسمانی و پاڵپشتیی ئەمریکا و بەریتانیا بۆ دەستەبەر کردنی خواردن و خواردنەوە و خێوەت بۆ ئاوارەکانی ئێزدی و مەسیحی، کە پێویستیان بە هاوکاری هەیە**

سست بکات، دەرفەتی ئەوە بۆ پێشمەرگە بڕەخسێنن کە بە شێوەیەکی گونجاو بەرەنگاری بکەن.

*** ئیتالیا و فەرەنسا داوایان لە یەکێتیی ئەوروپا کردووە چەك بە پێشمەرگە بدەن، ئایا پێتان وایە یەکێتیی ئەوروپا پێشمەرگە پڕچەك بکات و چەکی قورسیان پێ بدەن؟**

- پێم وایە ئەمە دەستی پێ کردووە، چونکە یەکێتیی ئەوروپا هەستی بە مەترسی کرد لە ئاست چارەنووسی ئەو ئێزدییانەی ناچار کران ڕا بکەن بۆ چیای شەنگال، یان ئەوانەی ڕووبەڕووی مەرگ دەبوونەوە بە هۆی دەوڵەتی ئیسلامییەوە، ئەگەر هاتوو بهاتنایەتە خوارەوە لە چیاکە، یاخود ڕووبەڕووی مەرگ دەبوونەوە بە هۆی برسێتی و تینوویەتییەوە، لەبەر ئەوە هیچ خواردن و خواردنەوەیەك لە سەر چیاکە بۆ ئەو خەڵکانە نەبوو، ئەمە بارودۆخێکی مەترسیدارە و یەکێتیی ئەوروپا زۆر پەرۆشە ئەو خەڵکانە ڕزگار بکرێن. هەروەها تەنگژەی کەمینەی مەسیحیش کە لە شار و شارۆچکە سەرەکییەکانی خۆیان لە مووسڵ دەرکران، ئەمە مایەی نیگەرانییەکی گەورەیە بۆ یەکێتیی ئەوروپا، یەکێتیی ئەوروپا بە هۆی چەندین وتار و قسە کردنی من و چەندین وتار لە پەرلەمانی ئەوروپادا باسیان لەوە کردووە، بەوەی هەرێمی کوردستان پەناگەیەکی ئارامیان بۆ چەندین ئاوارە لە سووریا و بەشەکانی دیکەی عێراق لە ماوەی یاخیبوونەکەدا دابین کردووە، بە هەزاران ئاوارەی کورد و بە سەدان هەزار ئاوارەی مەسیحی و ئەو خەڵکانەی قوربانیی دەوڵەتی ئیسلامین، هەموویان روویان کردۆتە کوردستان، هەر بۆیە پێویستە هەموو جۆرە پشتیوانییەك، کە مومکین بێت، بۆ هەرێمی کوردستان دابین بکەین و ئەو ڕاستییە لەبەر چاو بگرین کە ئەوان دەستی دۆستایەتییان درێژ کردووە و و نەوایەکی ئارامیان بۆ دەیان هەزار ئاوارە ڕەخساندووە، دەبێت ئەمە بە چاوی ڕێزەوە سەیر بکرێت.

*** ئێمە دەزانین برا ئێزدییەکانمان ڕووبەڕووی هەڵمەتی کومەڵکوژی بوونەتەوە، ئایا یەکێتیی ئەوروپا چ هاوکارییەك دەکات و چۆن دەتوانێت یارمەتیدەر بێت لە ڕێگرتن لەم کۆمەڵکوژییە؟**

- تاکە ڕێگەی کردارەکی لە مەودای کورتدا بریتییە لە پشتیوانی کردنی سیاسەتی ئەمریکا بۆ بەکارهێنانی گورزی ئاسمانی و پاڵپشتیی ئەمریکا و بەریتانیا بۆ دەستەبەر کردنی خواردن و خواردنەوە و خێوەت بۆ ئاوارەکانی ئێزدی و مەسیحی، کە پێویستیان بە هاوکاری هەیە. هەروەها چەکی مۆدێرن بدرێتە پێشمەرگە بۆ ئەوەی بتوانن بە شێوەیەکی کارا بەرەنگاری بکەن لە دژی دەوڵەتی ئیسلامی، پێویستە یەکێتیی ئەوروپا ئەم کارە بکات، من دڵنیام کە زۆرینەی ئەندامانی یەکێتیی ئەوروپا پشتیوانیی ئەم سیاسەتە دەکەن.

***سەرۆك بارزانی بڕیاری داوە پێشەنگی شەڕی دژ بە تیرۆر بێت و بەڵێنی داوە کە تا دوا هەناسە شەڕی**



**دژە تیرۆر دەکات، ئایا یەکێتیی ئەوروپا چۆن لەم هەڵوێستەی بارزانی دەڕوانێت؟**

- ئێمە لە پەرلەمان و یەکێتیی ئەوروپا سەرۆك بارزانی بە بەهێزترین سەرکردە دەزانین لە سەرجەم عێراقدا و یەکێکە لە سەرکردە بەهێزەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەو لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی ناسراوە و ئەگەر کەسێك هەبێت بتوانێت سەرکردایەتیی کوردستان بکات بەرەو ئازادی و شکست بە دەوڵەتی ئیسلامی بهێنێت ئەوا ئەو کەسە سەرۆك مەسعود بارزانی دەبێت.

***سەرەڕای هەموو ئەو بارودۆخەی لە کوردستاندا هەیە، ئەوا مالیکی گەمارۆیەکی ئابووریی لەسەر کوردستان داناوە و ئێمەش دەزانین کە شەڕی دژ بە تیرۆر پێویستی بە هاوکاریی ئابووری هەیە، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا جیهان و یەکێتیی ئەوروپا چۆن دەتوانن هاوکاریی هەرێمی کوردستان بکەن بۆ باشتر کردنی ڕەوشی ئابووری؟**

- یەکەم شت کە دەبێت بیکەن ئەوەیە بەردەوام بن لە پشتیوانی کردنی سەرۆك وەزیرانی نوێ حەیدەر عبادی بکەن و پشتیوانی کردنی مەعسووم لە بەرامبەر مالیکیدا و کار بکەن بۆ ئەوەی مالیکی ناچار بکەن دوور کەوێتەوە لە دەسەڵات، بۆ ئەوەی سەرۆك وەزیرانی نوێ پشتیوانی بکرێت بۆ پێکهێنانی کابینەیەك کە دەست ڕۆیشتوویی و کاریگەریی دەرەکی لەسەر نەبێت بە تایبەتی ئێران. بۆ ئەوەی کابینەیەك بێت نوێنەرایەتیی سەرجەم عێراقییەکان بکات و کابینەیەکی تایەفەگەری نەبێت، هەروەها پشتیوانیی پاکسازی کردن بکەین لە سوپادا بۆ ئەوەی ببێتە هێزێکی نیشتیمانی لە عێراق، هەروەها بە دڵنیاییەوە پشتیوانیی هێزی پێشمەرگە بکەین بە پێدانی چەکی مۆدێرن و بە گورزی ئاسمانی لە لایەن ئەمریکاشەوە دژی دەوڵەتی ئیسلامی. ئەمە تەنها ڕێگایەکە بۆ ئەوەی سوپای عێراق بتوانێت لە بەشەکانی دیکەی عێراقدا شەڕ بکاتەوە لە دژی دەوڵەتی ئیسلامی و بۆ ئەوەی پێشمەرگە بتوانێت بەرگری لە خاکی خۆیان بکەن و ئەو شار و شارۆچکانەش بگرنەوە کە لە دەستیان داوە لە بەرامبەر داعشدا.

*** دوا وتەت چییە؟**

- من لە چەندین بۆنەدا سەردانی هەولێرم کردووە، کوردستان و هەولێر نموونەیەکی پرشنگدارن بۆ ئەوەی کە چۆن پێکەوە ژیانی ئاشتیانە سەردەکێشت بۆ گەشە کردنی ئابووری و دروست کردنی هەلی کار و هەولێر وەك شارێکی دینامیکی ڕۆژئاواییە، کاتێك دەبینین کە کوردستان و هەولێر لە لایەن تیرۆریستانی داعشەوە هەڕەشەیان لێ دەکرێت بۆ من و بۆ زۆر کەس لە ئەوروپا مایەی تاسان بوو، ئێمە هەموو پشتیوانییەك و هەموو ئومێدەوارییەك بۆ سەرۆك بارزانی و گەلی کوردستان دەنێرین. ئێوە دەتوانن دڵنیا بن کە ئێمە لە پشتتان دەبین بۆ ئەوەی لە شەڕی دەوڵەتی ئیسلامیدا سەرکەوتوو بن.

**پێشمەرگە شەڕێکی بوێرانە و قارەمانانەیان لە دژی دەوڵەتی ئیسلامی کرد، دەوڵەتی ئیسلامی یەکێکە لە دڵڕەقترین و ترسناکترین ڕێکخراوی تیرۆریست کە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دروست بوو بێت**



**نزار جەنابی**
**پسپۆڕ لە بواری ئاسایشی عێراق و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ گوڵان:**

# پێویستە فڕۆکەخانەیەکی سەربازی لە هەولێر بکرێتەوە و لەوێوە هێرش بکرێتە سەر تیرۆریستان

**نزار جەنابی یەکێکە لە ئەفسەرانی پێشووی سوپای عێراق، هەروەها توێژەرە لە بواری ئاسایشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و عێراق لە ئامۆژگای واشنتن بۆ دیراساتی ڕۆژهەڵاتی نزیك. جەنابی لە ساڵانی ٢٠٠٤- ٢٠٠٦ بەڕێوەبەری گشتی بووە لە وەزارەتی بەرگریی عێراق، پسپۆڕی سیاسەتی بەرگری و دابین کردنی پێداویستی سەربازی بووە لەو وەزارەتەدا. بۆ قسە کردن لەسەر مەترسیی ئەو چەکانەی کەوتوونەتە دەستی تیرۆریستانی داعش و هاوکاری کردنی هێزی پێشمەرگە بە چەك لە لایەن ئەمریکا و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە، ئەم وتوێژەمان لەگەڵدا کرد، کە بەم جۆرە رای خۆی بۆ (گوڵان) دەربڕی.**

***ئێستا داعش چەکێکی لە ژمارە نەهاتووی لەبەر دەستە، کە لە سوپای عێراقەوە بۆی ماوەتەوە، ئێستا ئەو چەکە زۆرە لە لای ئەو گرووپە تیرۆریستەیە، ئایا مەزەندەی ئێوە بۆ ئەو چەکانە چین و تا چ ڕادەیەك هەڕەشەن بۆ سەر ئاسایش و ئاشتیی نێودەوڵەتی؟**

- ئەو چەکانە مایەی هەڕەشەن، ئەگەرچی من بە حەزەرم لەوەی زیاد لە پێویست بەهای ئەو چەکانە گەورە بکەین، هەر سیستەمێکی چەك، هەرچییەك بێت، پێویستی بە پشتیوانی و چاك کردنەوە هەیە، پێویستی بە سووتەمەنی تێ کردنەوە و زەخیرەی خۆی هەیە. ئەوان ئەو چەکانەیان هەیە و بەکاری دەهێنن، بەڵام ناتوانن بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ بەکاری بهێنن، خۆ ئەگەر بەکاریشی بهێنن، ئەوا بە چەشنی یەکەیەکی سەربازیی مەشق پێ کراو لە بەکار هێنانیدا کارا نابن، ئەگەر دووچاری شەڕ بن، ئەوان دەتوانن بۆ ماوەیەك بەردەوام بن، بەڵام نەك بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ، چونکە پشتیوانیی لۆژیستییان نابێت بۆ درێژەدان بەو چەکانە لە شەڕدا. ئەوان لە ژێر گوشاردان و ناچارن هەر جبەخانە و تەقەمەنییەکی هەبێت بەکاری بهێنن، ئەوەی لەبەر دەستیاندایە بەکاری دەهێنن، بەڵام لە قۆناغێکی دیاری کراودا ناچار دەبن چاکیان بکەنەوە، هەڵبەت ئێستا ئەوان ئەو پشتیوانییە لۆژیستیانەیان نییە.

***بە هۆی ئەم چەکانەی داعشەوە ڕەهەندی شەڕی تیرۆریزم گۆڕاوە لە جیهاندا، لەبەر ئەوەی پێکهاتەی ئەو چەکانە بریتین لە ڕۆکێت و تۆپی گەورە و هەمەر و تانك، واتە دەبێت پێکەوە کار کردن و هاوکاری هەبێت بۆ شەڕ کردن لە دژی مەترسیدارترین دەوڵەتی تیرۆریست و کەس ناتوانێت بە تەنیا ڕووبەڕوویان ببێتەوە، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ستراتیژی ڕووبەڕوو بوونەوەی ئەم مەترسییە چیە؟**

- داعش ستراتیژیەتی دەوڵەتی بەکاری دەهێنا، سوپایەکی ڕێکخراو و بە گرووپ جووڵە دەکەن و هێرش دەکەن، بەڵام لە دوای ئەوەی ئەمریکا بڕیاری دا بۆردوومانی چەند ئامانجێك بکات، ئەوا داعش ئەم ستراتیژیەتەی گۆڕی. ئێستا ناچارن بگەڕێنەوە بۆ تاکتیکە بنەڕەتییەکەیان، تاکتیکە کۆنەکەیان کە ئەلقاعیدە بەکاری دەهێنێت، ئەویش بریتییە لە خۆ حەشاردان و هێرشی بچووك، ناتوانن پەلاماری گەورە بدەن، وەك گرتنی شارێکی گەورەی وەك مووسڵ، یاخود بە ژمارەیەکی گەورە هێرش بکەن، چونکە دەزانن ئەگەر ئەم کارە بکەن، ئەوان لە ئاسمانەوە دەکرێنە ئامانج، کەواتە دەبێت بگەڕێنەوە بۆ شارەکە و خۆیان لە شارەکەدا بشارنەوە و هێرشی بچووك بکەن، کە جووڵەی گەورە لە خۆ ناگرێت.

***لەناو بردنی داعش پێویستی بە هاوپەیمانێتییەکی دژ بە تیرۆر دەبێت، واتە وڵاتان بەشداری بکەن لەبەر ئەوەی ئەمە شەڕێکی جیهانییە و تاکە هێزێکیش بتوانێت بەرەنگاریان ببێتەوە بریتییە لە پێشمەرگە، سەرۆك بارزانیش ڕایگەیاند ئێمە پێویستمان بە سەرباز نییە، بەڵکوو تەنها پێویستمان بە هاوکاری و یارمەتیی سەربازی هەیە، وەك چەك و کەل و پەلی سەربازی، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا تا چەند هاوپەیمانیی دژ بە تیرۆر، ئایا تا چ ڕادەیەك جیهان و ئەمریکا بە تایبەتی، بەدەم ئەم داواکارییەی کوردەوە دێن؟**

- باس لەوە کرا کە هێزە کوردییەکان لە لایەن داعشەوە هێرشیان کراوەتە سەر و داعش توانیویەتی پێشرشەوی بکات، بەڵام ئەوە لە کاتێکدا ڕووی دا کە هێزی پێشمەرگە چەکی باشیان لەبەر دەست نەبووە، هەروەها کەل و پەلی خراپیان پێ بوو، هێزی چەکەکانی داعش لە هی ئەوان زیاتر بوو، بەڵام لەگەڵ دەست پێ کردنی هێرشی ئاسمانیی ئەمریکا بۆ پشتیوانی کردنی پێشمەرگە، پێشمەرگە توانیی هێرش دەست پێ بکاتەوە و توانییان بگەڕێنەوە پێگەی خۆیان. پێم وایە گرنگە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەوە تێبگات، بۆ ئەوەی بتوانێت لەو شەڕەدا سەرکەوتوو بێت لەو ناوچەیەی جیهاندا، کە لە هەرێمی کوردستان و مووسڵ و شنگال ڕوو دەدات، ئەوا پێویستە پشتیوانیی پێشمەرگەی هەرێمی کوردستان بکەن، بە پێدانی تەقەمەنی و چەك و ئەو پشتیوانییەی

**باشترین چارەسەر بۆ ئەمریکا ئەوەیە پشتیوانی لە پێشمەرگە بکات بۆ سەرکەوتن لەم شەڕەدا**



پێویستیانە بۆ بردنەوەی ئەم شەڕە. پاڵپشتی کردنی ئاسمانی گرنگ بوو، بەڵام ئێستا هەرێمی کوردستان پێویستی بە تەقەمەنی و گوللە و فیشەك و سیستەمی چەك هەیە، ئەوە باشە لەم کاتەدا سەنتەرێکی هاوبەش هەیە، ئەوەندەی من بزانم جەنەراڵ بابەکر زێباری گەڕاوەتەوە هەولێر، هێزی کورد (پێشمەرگە) لەگەڵ سوپاسالارەکەیاندا کار دەکەن، مەبەستی من ئەوەیە بەڵێ، بە دڵنیاییەوە هاوڕام لە سەر ئەوەی پێویستیان بە پشتیوانیی زیاتر هەیە لە لایەن ئەمریکا و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە بۆ ئەوەی درێژە بەو گووڕ و تینە بدەن کە ئێستا هەیانە.

**تیرۆریستان دەتوانن بۆ ماوەیەک بەردەوام بن، بەڵام نەک بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ، چونکە پشتیوانیی لۆژیستییان نابێت بۆ درێژەدان بەو چەکانە لە شەڕدا**

***ئەمە پێویستی بە هاوسەنگیی هێز هەیە لە سەر ئەرزی واقیع، ئێمە دەبینین کە داعش چەکی پێشکەوتووی ئەمریکیی دەست کەوتووە کە لە سوپای عێراق جێما بوون، ئایا ئێستا پێویستە ئەمریکا و هاوپەیمانانی دژ بە تیرۆر چ جۆرە چەکێك بدەنە دەست پێشمەرگە بۆ ئەوەی شەڕی داعش بکات و هاوسەنگیی هێز بگۆڕێت؟**

- زەحمەتە بۆ من هەڵسەنگاندن بۆ ئەمە بکەم، لەبەر ئەوەی من لە واقیعەکەدا نیم، لەگەڵ ئەوەشدا من مەزەندەی ئەوە دەکەم هێزی پێشمەرگە چەکی دژ بە زرێپۆشیان پێویست بێت و پێویستیان بە ڕەشاشی مامناوەند و فیشەك و تەقەمەنی هەیە، هەروەها ئێستا کاتی ئەوە هاتووە بیر لەوە بکرێتەوە پێشمەرگە هێزی ئاسمانیشی هەبێت.

**داعش ستراتیژیەتی دەوڵەتی بەکاری دەهێنا، سوپایەکی ڕێکخراو و بە گرووپ جووڵە دەکەن و هێرش دەکەن، بەڵام لە دوای ئەوەی ئەمریکا بڕیاری دا بۆردوومانی چەند ئامانجێک بکات، ئەوا داعش ئەم ستراتیژیەتەی گۆڕی**

***تا ئێستا ئەمریکا و ئەندامانی ناتۆ نەیانتوانیوە دەست تێوەردانی سەربازی بکەن لە ڕێی زەمینییەوە، ئەمەش لە ترسی ئەوەی بەشێك لە سەربازانیان لەو شەڕەدا بکوژرێن و کاردانەوەی رای گشتیی وڵاتەکانیانی لێ بکەوێتەوە، ئایا تا چەند گرنگە ئەمریکا و ئەوروپا بە چەك پشتیوانیی پێشمەرگە بکەن بۆ ئەوەی لەم شەڕە سەرکەوتن بە سەر تیرۆریستاندا بەدەست بهێنن؟**

- پێم وایە باشترین چارەسەر بۆ ئەمریکا ئەوەیە پشتیوانی لە پێشمەرگە بکات بۆ سەرکەوتن لەم شەڕەدا، لەسەر ئەرزی واقیع بە پێدانی چەك و پشتیوانیی لۆژیستی و کەل و پەل پشتیوانییان بکات، هەروەها لە نزیکەوە پشتیوانیی ئاسمانیشیان لێ بکات، ئیتر ئێف ١٨ بێت یان ئێف ١٦ یان ئەپاتچی، کە دەکرێت ئەمانە بجوولێندرێن بۆ هەرێمی کوردستان و لە شەڕەکەدا بەکار بهێندرێن. تا ئێستا هێرشی ئاسمانی لە کەنداو و کەشتیی فڕۆکەهەڵگرەوە کراوە، پێم وایە پێویستە بنکەیەکی سەربازی لە هەولێردا بکەنەوە و فڕۆکەخانەیەك لەوێ دروست بکەن، لە هەولێرەوە هێرشیان بکەنە سەر. هەر چۆنێك بێت ئەمە بڕیارێکی سیاسیی دەوێت کە هێز ڕەوانە بکەن. ئیدارەی ئێستای ئەمریکا دوودڵە لە بەجێ گەیاندنی ئەم هەنگاوە.

***ئێوە دەزانن ئەم شەڕە پێویستی بە پشتیوانیی ئابووری هەیە، هەتا ئێستاش بەغدا مووچەی خەڵکی کوردستانی بڕیوە و پێشمەرگەش بە بێ مووچە شەڕ دەکات، ئایا ئەم بارودۆخە تاکەی بەردەوام دەبێت؟**

- من دەزانم هەرێمی کوردستان بە لای کەمەوە بۆ مانگێکی دیکەش ئیدارەی خۆی دەکات، کە ئێستا سەرۆك کۆمار داوای لە حەیدەر عبادی کردووە بۆ ئەوەی ببێتە سەرۆك وەزیران و ئومێدەکە ئەوەیە، کە ئێمە لە سی ڕۆژدا کە هەمانە بتوانین حکوومەتێکی نوێمان هەبێت. پێم وایە کێشەکان چارەسەر دەبن، چونکە حەیدەر عبادی کەسێکی زۆر تێگەیشتووە، ئەوەی من تێگەیشتبم دۆستی هەرێمی کوردستانە.

***ئایا تا چەند نووری مالیکی لە پەیامی ڕاسپاردنی عبادی تێگەیشتووە؟**

- من هیوادارم عاقڵانە بیر بکاتەوە و پێ دەچێت دوای ئەو هەموو لایەنانی سیاسیی عێراق هاوڕا بوون لە سەر ئەوەی پێویستە ئەو بڕوات، ئەگەرچی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پیرۆزباییان لە سەرۆك و سەرۆك وەزیرانی ڕاسپێردراو کردووە، خۆ لە بنەڕەتدا ئەمە بە مانای ئەوە دێت کاتی ئەو کۆتایی هاتووە. هیوادارم لە پەیامەکە تێگەیشت بێت و بە ڕێزەوە دەسەڵات جێ بیەڵێت.

# دەوڵەتەکەی داعش

# ئیمارەتەکەی مەلا عومەری ئەفغانستان نییە

لیوا هاشم ئەحمەد دهۆکی راگری کۆلێژی سەربازی زاخۆ بە گوڵانی راگەیاند، حکومەتی فیدراڵی عێراق لەماوەی تەنیا ٣ ساڵدا، بڕی ٤٣ ملیار دۆلاری بۆ پڕچەککردنی ١٧ فیرقەی سەربازی سوپای عێراق تەرخان کردووە، ئەمەش مانای ئەوەیە هەر فیرقەیەکی سەربازی عێراق لەماوەی تەنها ٣ ساڵدا بە بەهای ٢,٥ ملیار دۆلار چەکی بۆ کڕدراوە، ئەوجا ئەگەر لەمەوە شیکارێکی ماتماتیکی بۆ قەوارەی ئەو چەکانە بکەین کە تیرۆریستانی داعش لە دوای داگیرکردنی موسڵەوە لە سوپای عێراق دەستی کەوتوون، ئەوا وەك هەموو سەرچاوەکانی هەواڵ ئاماژەیان پێکردووە، تیرۆریستانی داعش دەستی گرتووە بەسەر چەك و تەقەمەنی تەواوی ٤ فیرقەی سەربازی عێراق لەگەڵ دوو فیرقەی پۆلیسی فیدرالی، کە دەکاتە ٦ فیرقە، ئەوجا ئەگەر هەر فیرقەیەك بە ٢,٥ ملیار دۆلار پرچەك کرابێت، ئەوا تیرۆریستانی داعش تەنیا لەماوەی دوومانگدا، بە بەهای ١٥ ملیار دۆلار کە دەکاتە بودجەی دووساڵی تەواوی بڕی ئەو بودجەیەی پێشتر لە بەغداوە دەهات بۆ کوردستان، چەکیان دەسکەوتووە.

دیارە ئەمەی ئاماژەی پێدەکەین قەوارەی ئەو چەکانەیە کە تەنیا لەماوەی ساڵانی ٢٠١١-٢٠١٤ بۆ سوپای عێراق کڕدراون و هێزی پێشمەرگەی کوردستانی لێ بێبەشکراون، ئەوجا ئەگەر وای دابنێین پێش هاتنی داعش بۆ موسڵ، جۆرە هاوسەنگیەك لەنێوان چەکی پێشمەرگەو چەکی دەستی تیرۆریستانی داعش هەبووبێت، ئەوا دوای داگیرکردنی موسڵ چەکەکانی دەستی داعش بە بەهای ١٥ ملیار دۆلار چەکی مۆدێرن، باڵادەستی بەسەر چەکەکانی دەستی پێشمەرگە دروست کردووە، بەڵام وێرای هەموو ئەمانەش پێشمەرگە لە سەنگەری مقاوەمەت لە بەرامبەر داعش راوەستاوە و ورەی پێشمەرگە تەواوی جیهانی سەرسام کردووە.

ئەمەش بەشێکە لەو چەکانەی سوپای عێراق کە دەست تیرۆریستانی داعش کەوتووە.



# داعش وەک چەتەگەریی ئایینی



عەبدولڕەحمان سدیق
بۆ گوڵان دەینووسێت
asidiq1962@yahoo.com

چەتەگەری لە نێوان ساڵانی (١٦٥٠) هەتا (١٧٢٠)ی زایینیدا گەیشتە لووتکە. ئەو ماوەیەش بە ماوەی زێڕینی چەتەگەری ناسرا.

چەتەکان کە ئاڵاکەیان ڕەش بوو، کەللە سەرێك و دوو ئێسکی لە سەر بوو، لە دەریادا تاڵانییان دەست پێ کرد، دواتر هاتنە سەر وشکانی. سەرەتا شتی ساکاریان دەبرد، دواتر کەوتنە تاڵان کردنی زێڕ و پارە و شتی گرانبەها، ڕفاندن و بردنی کچان.

حکوومەتەکانی ئەورووپا ناچار بوون بەرەنگاریان ببنەوە، بۆیە لە سەرەتای سەدەی ١٨دا، سەرکردەی ناسراوی چەتەکانیان گرت، کە بە (بلاك بیرد: ڕیش ڕەش) ناسرا بوو، لە نێو ئاپۆرای خەڵکدا لە سێدارەیان دا. لەمە بەدوا، وردە وردە چەتەگەرییان لە ئەورووپادا نەهێشت.

ئێستاش لەم سەرەتای سەدەی بیست و یەکەدا، کەسانێکی نامۆ بە ئایین و کەلتوور و تێگەیشتنی ئێمەومانان، هاتوونەتە سەر خاك و نیشتیمان، بە هەمان عەقڵیەتی چەتەی (ڕیش ڕەش)ی جاران، خاوەنی هەمان (ئاڵا ڕەش)ەکەی چەتەکانی جارانیشن، بەڵام بەگۆڕانکارییەکەوە، لە جێی کەللە سەر و دوو ئێسکەکە، ناوی خوا و پێغەمبەری خوایان لە سەر داناوە. ئەم جارە ڕوویان لێرە کردووە بۆ چەتەیی و تاڵان، لە ژێر دروشمی ئایینیدا.

ئەوەی جێی ڕامانە ئەوەیە، ئەم جۆرە کەسانە خراپ سوودیان لە زۆر دەقی ئایینی وەرگرتووە، کە کردوویانەتە پاساو بۆ کارەکانیان، ئەمە وێڕای هەبوونی سێ فاکتەری سەرەکی بۆ خێرا تەشەنە کردنیان:

یەکەم: هەڵبژاردنی توندڕەوترین جۆری بیرکردنەوەی ئایینی.

دووەم: تووشی بارێکی شڵەژاوی دەروونی و گرێی دەروونی هاتوون.

سێیەم: هەبوونی ژینگەیەکی لەبار بۆ تەشەنە کردن، ئەویش بریتییە لە توندوتیژیی ئایینی، کە بە سێ قۆناغ ئەم جۆرە کەسانەی پێ ئامادە کراوە:

یەکەم: کار کردن لە سەر (مێشك)یان لە ڕێی تێگەیاندنی هەڵە لە ئایین.

دووەم: کار کردن لە سەر (دڵ)یان بە جۆشدانیان بە حەماسەتێکی بێ هۆشیاری.

سێیەم: کار کردن لە سەر (دەست)یان بە ڕاهێنانیان لە سەر کوشتنی خەڵك و کاری وێرانکاری.

بۆیە لە دژی داعش و هاوشێوەکانی دوو جەنگمان لە بەردەمدایە:

یەکەم جەنگێکی کورت خایەن کە پێویستی بە چەکی قورس و تەکتیکی نوێ هەیە.

دووەم: جەنگێکی درێژخایەنی فیکری لە نێوخۆدا، کە ئەرکی قورس و بیری نوێی دەوێت، چونکە چارەسەری بنەڕەتی بۆ ئەم دیاردە دزێوەی داعش، هەر لە هزر و مێشکەوە دەست پێ دەکات.

داعش لە ڕووە ئایینییەکەوە، وەك نەوەی (قابیل)ی شەڕخواز وایە، کاتێك لە پێشبڕکێی چاکە کردندا توانای (هابیل)ی خێرخوازی نەبوو، ویستیی لە خراپەکاریدا یەکەم بێت.

ئەمڕۆش ئەو مرۆڤانەی لە پێشبڕکێی ژیاندا دەدۆڕێن و نایانەوێت دان بە شکستی خۆیاندا بنێن، پەنا بۆ توندوتیژی دەبەن وەك ڕێگەیەکی کورت بۆ خۆ سەپاندن، لە بری خۆ سەلماندن.

بۆیە لە قابیلەوە تا ئێستاش، ئەوە دۆڕاوەکانن کە پەنا بۆ تاوان و توندوتیژی دەبەن نەك براوەکان. ئەوەشمان لە بیر نەچێت کە مەترسیی داعش لەوەدایە، نوێترین تەکنەلۆژیای سەردەم کەوتۆتە دەستی دواکەوتووترین فیکر و بیرکردنەوە، چونکە ئەوان خۆیان بە هیچ داهێنانێك خزمەتی مرۆڤایەتییان نەکردووە، دوژمنایەتیی ڕۆژئاواشیان ڕاگەیاندووە، کەچی خۆیان بە چەکی ڕۆژئاوایی موسڵمانان دەکوژن، بە ئۆتۆمۆبێلی ڕۆژئاواییش دێن و دەچن، بە مۆبایل و ئینتەرنێتی ڕۆژئاواییش کردارە قێزەونەکانیان بڵاو دەکەنەوە.

ئەم دیاردەی داعشە ئەزموونێکی تاڵی جیهانی ئیسلامی و عەرەبییە، بەرهەمی دواکەوتنی هزر و فیکرە، بۆیە پێویستە بەوە دەکات لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا، زۆر لە خەمی چارەسەر کردنی بیرکردنەوەی داعشانە و توندڕەویی ئایینیدا بین، بە تایبەت پاش هاتنی زیاتر لە ملیۆنێك ئاوارە لە ناوەڕاستی عێراقەوە، کە هەندێك کاریگەریی کەلتووری و هزری نامۆ بە دوای خۆیدا دەهێنێت، ئەمەش وامان لێ دەکات لە نێوان خۆشباوەڕی و نەژادپەرستیدا، ڕێی سێیەم هەڵبژێرین، کە ڕێی (گاندی)یە کاتێك دەڵێت:

(من نامەوێت دیواری ماڵەکەم زۆر بڵند بێت، ناشمەوێت پەنجەرەکانی بە ڕووی کەسدا توند داخرا بن،

من دەمەوێت شنەبای کەلتووری هەموو وڵاتان بەو پەڕی ئازادییەوە لە دەوری ماڵەکەم هەڵ بکات،

بەڵام نامەوێت کەلتووری وڵاتان ببێتە ڕەشەبا، من لە ڕەگەوە هەڵ بکەنێت).

# تەتەڵەی خەلافەت لە ئیستانبوولەوە بۆ مووسڵ

**(١)**



فەرید ئەسەسەرد
بۆ گوڵان دەنووسێت

نەوەد ساڵ کەوتووەتە نێوان هەڵوەشاندنەوەی سیستمی خەلافەت لە تورکیا لە ساڵی ١٩٢٤و زیندوو کردنەوەی لە مووسڵ لە ساڵی ٢٠١٤ لە سەر دەستی ئەبوبەکری بەغدادی سەرۆکی ڕێکخراوی داعش. لە ڕاستیشدا دەستەواژەی (زیندووکردنەوە) پڕ بە پێستی وشەکە نییە، زۆرتر وەك گوزارەیەکی مەجازی بەکار دەهێندرێ چونکە چەند ساڵێك پاش هەڵوەشاندنەوەی خەلافەت، جیهانی ئیسلام مەسەلەی زیندوو کردنەوەی خەلافەتی لە بیری خۆی بردەوە و سەرقاڵی مشوورخواردنی کاروباری خۆی بوو.

بەڵام ئەمە بەم مانایە نییە کە هەڵوەشاندنەوەی خەلافەت لە ساڵی ١٩٢٤دا بە شێوەیەکی ئاسایی تێپەڕیوە. لانی کەم لە سێ وڵاتدا، کە بریتین لە میسر و کوردستانی باکوور و هیندستان، ڕووداوەکە ڕەنگدانەوەی گەورەی هەبوو. بە کردەوە، دوو فاکتەری سەرەکی ڕۆڵێکی دیاریان لە ڕەت کردنەوەی هەڵوەشاندنەوەی خەلافەتدا هەبوو. یەکەمیان ڕاهاتنی موسڵمان بوو بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ لە سەر بوونی مەرجەعێکی باڵا بۆ جیهانی ئیسلام کە خۆی لە خەلیفەدا دەبینییەوە. دووەمیشیان ئەوە بوو، کە زۆربەی هەرە زۆری موسڵمانان وا تێگەیشتبوون، کە خەلافەت بەشێکی ستراکتۆری ئایین پێك دێنێ. لەم سۆنگەیەوە پێیان وابوو هەڵوەشاندنەوەی خەلافەت دەبێتە مایەی لەق کردنی ستراکتۆری گشتیی ئایین، بەڵام مایەی تێڕامانە کە جیهانی ئیسلام لە ماوەی دە ساڵدا لە سەر نەبوونی خەلیفە ڕاهات، بە شێوەیەکی پرەگماتییانە هەڵسوکەوتی لەگەڵدا کرد. لە ناو موسڵماناندا، سێ گەل کە بریتین لە میسری و کورد و موسڵمانانی هیندستان، بە شێوەیەکی جیاواز لە گەلانی تری موسڵمان، مامەڵەیان لەگەڵ مەسەلەکەدا کردووە.

لە میسر هەڵوەشاندنەوەی خەلافەت هەرایەکی زۆری لە سەر ئاستی چینی سیاسی و جەماوەر نایەوە. هەر لەو سەروبەندەدا پاشا فوئاد مەسەلەی خەلیفایەتی لە کەللەی دا و کەوتە کار کردن بۆ پڕکردنەوەی بۆشاییەکە و گواستنەوەی خەلافەت لە ئیستانبوولەوە بۆ قاهیرە. بۆ پاشا فوئاد و بەشێکی میسرییەکان مەسەلەکە ئەوەندەی ڕوخساری «گێڕانەوەی» خەلافەتی بۆ میسر وەرگرت بوو، ئەوەندە ڕووخساری «گواستنەوەی» وەرنەگرت بوو. مەسەلەکەش بنەمایەکی مێژوویی هەیە چونکە کاتێك سوڵتان سەلیمی یەکەمی عوسمانی لە سەرەتای سەدەی شازدەیەمدا میسری داگیر کرد، شەرعیەتی خەلافەتی لە خەلیفە عەباسییەکەی میسر وەرگرت و لەگەڵ خۆیدا بردی بۆ ئیستانبوول. بۆیە، زیندوو کردنەوەی خەلافەت لە میسر، وەك گێڕانەوەی وا بوو بۆ ئەو شوێنەی بە زۆر لێی سەندرا بوو.


دەرەبەگ و زەویدارانی گەورە پێیان خۆش بوو پاشا فوئاد ئەرکی خەلافەت بگرێتە ئەستۆ. خودی پاشا بە گونجاوی دەزانی ئەرکەکە بگرێتە ئەستۆ، لانی کەم بۆ بەرپەرچ دانەوەی ئۆپۆزیسیۆن بە سەرۆکایەتیی سەعد زەغلول و بۆ ڕێگرتن بە یەکجارەکی لە گۆڕینی سیستمی پاشایەتی بۆ سیستمی کۆماری، چونکە، وەك مێژووی خەلافەت نیشانی داوە، خەلافەت بۆ پاشایەتی تا بۆ کۆمار گونجاوترە.

پاشا فوئاد، بۆ زیاد کردنی دەسەڵاتەکانی، پێویستی بە خەلافەت نەبوو چونکە دەستووری ١٩٢٣ دەسەڵاتی پێویست و خوازراوی پێ بەخشی بوو، بەڵام نازناوی خەلیفە دەیتوانی ڕێزێکی زۆرتری لە جیهان ئیسلام بۆ پەیدا بکا. بۆیە، دەکرێ لەو گۆشەنیگایەوە سەیری هەوڵدانەکەی بکرێ، کە ئەو بۆ خزمەت کردنی ئایین خەلافەتی نەویستووە، بەڵکوو تەنها بۆ فیز و لافی گەورەیی لێدان ویستوویەتی. پاشا فوئاد عەرەبیی بە چاکی نەدەزانی و قورئانیشی بە چاکی پێ نەدەخوێندرایەوە و زۆر کەمی لێ تێدەگەیشت، بەڵام بە دڵنیاییەوە پێگەی خەلافەت پێگەی پاشایەتییەکەی سەقامگیرتر دەکرد.

بەخشینی خەلافەت بە پاشا فوئاد لە ناو چینی مەلاکاندا لایەنگرێکی زۆری هەبوو، لەوانە محەمەد ڕەشید ڕەزا و محەمەد حسێن هەیکەل و ژمارەیەکی زۆری دەرچووانی ئەزهەر، بەڵام نەیاریشی هەبوو، دیارترینیان عەلی عەبدولڕازق بوو کە بە دەرکردنی کتێبی «ئیسلامء بنەماکانی حوکمڕانی» هەرایەکی گەورەی نایەوە چونکە تێیدا گوتبووی خەلافەت پێوەندیی بە بنەماکانی ئیسلامەوە نییە و تەنانەت حوکمڕانیی ئەبوبەکر و عومەر و عوسمان و عەلیش حوکمڕانییەکی «نائاینی» بووە.

بەریتانیا هیچ هەڵوێستێکی لە دژی بە خەلیفە بوونی پاشا فوئاد دەرنەبڕیوە، بەڵام بە دڵنیاییەوە پێی خۆش نەبووە خەلیفایەتی زیندوو بکرێتەوە. ئەوەی ئەمە ساغ دەکاتەوە ئەوەیە، کە هەڵوەشاندنەوەی خەلافەت یەکێ لە مەرجە نهێنییەکانی هەڵوەشاندنەوەی پەیمانی سیڤەر بووە، کە بە هۆیەوە دەبوایە دوو دەوڵەت لە ڕۆژهەڵاتی تورکیا، یەکێك بۆ کورد و ئەوەی دی بۆ ئەرمەن، پێك بهێندرێ. پێداگرتنی بەریتانیا لەسەر هەڵوەشاندنەوەی خەلافەتی عوسمانی هیچ بوارێك بۆ پشتگیری کردنی زیندوو کردنەوەی لە میسر ناهێڵێتەوە.

بە هەر حاڵ، پاش مشتومڕێکی توند و گەرم و گوڕ کە دووراییەکی کۆمەڵایەتیی وەرگرت بوو، پاشا فوئاد بە شێوەیەکی کتوپڕ و پێشبینی نەکراو لە وەرگرتنی خەلافەت پەشیمان بۆوە. سەرچاوەکانی ئاماژەی ڕوونیان بۆ هۆیەکانی پەشیمان بوونەوەی نییە، بەڵام دەشێ بریتانیا لە چوارچێوەی دیپلوماسیەتە نهێنییەکەیدا سەرکەوتوو بوو بێ لە پەشیمان کردنەوەی، بەڵام یەکێك لەگەورەترین کاردانەوەکانی دژ بە هەڵوەشاندنەوەی خەلافەتی عوسمانی، لە ساڵی ١٩٢٨دا دەبیندرێ، کاتێك حەسەن بەننا لە شاری ئیسماعیلیە کۆمەڵەی ئیخوان موسلمینی دامەزراند. ئەم ڕێکخراوە کە لە ساڵانی دواتردا کاریگەرییەکی زۆری لە سەر سیاسەتی ناوخۆیی و هەڵسوڕانی کۆمەڵایەتی دەبێ، تەنها پاش چوار ساڵ لە هەڵوەشاندنەوەی خەلافەت سەری هەڵدا. بە دڵنیاییەوە ئەگەر خەلافەت لە تورکیا هەڵنەوەشێندرایەتەوە، ڕێکخراوی ئیخوان موسلمین لە میسر دانەدەمەزرا یاخود لانی کەم زۆر درەنگ، لە ساڵانی چلەکان و پەنجاکاندا، دادەمەزرا.




## پرۆفیسۆر جەلیل ڕەوشەندڵ

تایبەتمەند لە بواری بزووتنەوە جیهادییەکان و ئاسایشی نێودەوڵەتی بۆ گوڵان:

# ئەو بارودۆخەی لە عێراقدا دروست بووە ئاکامی فەشەلی حکومەتی عێراقە

پرۆفیسۆر جەلیل ڕەوشەندڵ ئوستادی پێوەندییە نێودەوڵەتیەکانە لە زنکۆی ئێست کارۆلیناو پسپۆر و تایبەتمەندە لە چەکە کۆکوژەکان و ئاسایشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و هەروەها لە بزووتنەوە جیهادییەکان و ئاسایشی نێودەوڵەتی، بۆ قسەکردن لەسەر ئەو بارودۆخە ئاڵۆزەی تیرۆریستانی داعش دوای کۆنترۆڵکردنی موسڵ لە عێراقدا دروستیان کردووە و پاشانیش دامەزراندنی دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامی کە بڕوای بە هیچ سنورێکی نێودەوڵەتی نییە، ئەم وتووێژەمان لەگەڵ پرۆفیسۆر جەلیل ڕەوشەندڵ ئەنجامداو بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.

*** ئەو بارودۆخەی حاڵی حازر لە عێراقدا هەیە مایەی کارەساتە لەسەر ئاستی مرۆیی. بەپێی ئاماری ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان نزیکەی یەك ملیۆن کەس لە ناوخۆدا بەهۆی توندوتیژی و شەڕی نێوان دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام(داعش) و هێزەکانی عێراق ئاوارە بوونە، زۆرینەی ئەو ئاوارە ناوخۆییانەش لە هەرێمی کوردستانن. لەگەڵ ئەوەشدا، سوپای عێراق لەبەرامبەر گرووپە تیرۆریستیەکاندا لەبەریەکهەڵوەشایەوە. بەپێی بۆچوونی ئێوە، کۆتایی هاتنی عێراق چ جۆر گۆڕانکاریەك دروست دەکات لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا؟**

- ئەو بارودۆخەی لە ئارادایە جێی داخێکی گەورەیە، چونکە دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام(داعش)، گرووپێکی دڵڕەق و دڕندەیە، کە خەڵکی بێتاوان و خەڵکی مەدەنی دەکوژێت و مامەڵەی نامرۆیی لەگەڵ منداڵاندا دەکات. لەسەر بنەمای ئەو زانیاری و وێنانەی لەسەر تۆڕی ئەنتەرنێت دەیان بینین، ئەوا ژمارەیەکی زۆر منداڵانیان هێناوەتە ڕیزەکانیەوە، یاخود مامەڵەی نامرۆییانەیان لەگەڵدا دەکەن کە ناکرێت مرۆڤایەتی بە ئاسایی و سانایی وەریان بگرێت. بە باوەڕی من پێویستە پلانی کارکردن دابنرێت، ئەویش بە هاوپەیمانێتی و هەماهەنگی لەگەڵ هێزە ناوخۆییەکان و هێزە دەرەکیەکاندا، هەروەها لەگەڵ دەوڵەتە دراوسێکانی عێراقیشدا، بۆ ڕاگرتنی پێشڕەویەکەیان و دانانی سنورێك بۆ دەستدرێژیەکانی ئەم گرووپە دڵڕەقە. هەرچۆنێك بێت، بەردەوام بوونی ئەم بارودۆخە و بەردەوام بوونی دەستدرێژیەکانی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام(داعش)، مەترسیەکی گەورە لەسەر خەڵکە مەدەنیەکە لە هەموو شوێنێکی عێراق و پارێزگا کوردیەکان دروست دەکات. بۆی هەیە کارەساتێکی سیاسی و ئەمنی و ژینگەیی لە ناوچەکەدا دروست بکات. لەسەر بنەمای ئەو ڕاپۆرتانەی لە ناوچەکەوە دێن، ئەم تاوانە تەنها لە ناوچەیەك، یان شوێنێك، یان جێگەیەکدا کورت نابێتەوە. ئەوان لە جوڵەیەکی زۆردان، ئەمەش بە مانای ئەوە دێت کە درەنگ یان زوو، کاریگەری ئەم دەستدرێژیانە دەپەڕێتەوە بۆ دەوڵەتە دراوسێکانی، وەك وڵاتی ئەردەن، کە حاڵی حازر کەوتۆتە ژێر کاریگەری بارودۆخی سوریاوە، هەروەها ئەگەرێکی زۆریش هەیە کە ئێران ئامانجی داهاتوو بێت. کەواتە کارەساتەکە تەنها لە عێراق و هەرێمی کوردستاندا کورت نابێتەوە، بەڵکو کاریگەری لەسەر ناوچەکانی دەوروبەری عێراقیش دەبێت.

*** ئەم بارودۆخەی ئێستا لە عێراق لە ئارادایە دەرئەنجامی ئەوەیە کە هێزەکانی ئەمریکا پێشوەختە لە عێراق کشانەوە، کە ئەویش لە ساڵی ٢٠١١دا بوو، بە بۆچوونی ئێوە، ئایا هەڵوێست و پێگەی ئێستای ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەرئەنجامی شکستهێنانی نییە لە عێراقدا؟**

- ئێمە دەزانین و هەروەك ئێوە ئاماژەتان پێکرد، کە کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە ساڵی ٢٠١١دا کۆتایی هات. بەڵام لەو کاتەدا بوونی سوپای ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە عێراقدا، هەمیشە جێی تەقدیرکردن نەبوو و مایەی ناکۆکی بوو لەلایەن زۆرێك لە خەڵك و توێژەران و شارەزایانی بواری پێوەندیە نێودەوڵەتیەکانەوە. ئەمە لایەنی ئیجابی و سلبیشی هەبوو و لە کۆتاییدا ئیدارەی ئۆباما بڕیاری دا بکشێتەوە. لە هەمان کاتدا، بۆ چەندین ساڵ هاوکاری عێراقی کرد بۆ ئەوەی هەموو پێکهاتەکانی عێراق لە پرۆسەی سیاسیی پێکەوە کۆبکاتەوە و پێکەوە حکومەتێکی بەهێز پێکبهێنن، حکومەتێك کە دیموکراتیانە هەڵبژێردرابێت و هەروەها دیموکراتیانە حکومڕانی بکات. لەبەر ئەوە، بە باوەڕی من، شکستی حکومەتی عێراق لەوەدا بووە کە سەرجەم هێزەکانی لە بونیادی سیاسەت دورخستۆتەوە، و نابێت ئۆباڵەکە بخرێتە ئەستۆی ئەمریکا. حکومەتی عێراقیش شکستی هێناوە، لەبەر ئەوەی ئەو هێزانەی لە خۆنەگرتووە کە پێویست بوو لە خۆیان بگرێت. لەم ساتەوەختەدا، بە تایبەتی لە دوای کشانەوەی هێزەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، کە زەحمەتە جارێکی دیکە هێزەکانی ئەمریکا بەهێزی زەمینی بگەڕێنەوە بۆ ئەو وڵاتەی کە پاشەکشەیان لێکردووە، یەکەمیان لەبەر ئەوەی ئەمانە هەندێ کێشەی بونیادین و سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پێویستی بە ڕەزامەندی کۆنگرێس دەبێت بۆ ئەوەی جارێکی دیکە سوپا بگەڕێنێتەوە بۆ عێراق، ئەمەش کارێکی ئاسان نابێت، چونکە پێویستی ئەنجامدانی ئەم کارە لایەنی باش و لایەنی خراپی هەیە. باوەڕم وانییە ئەمریکا هێزی سەربازی زەمینی بنێرێتەوە بۆ عێراق، بە سادەیی بڵێم، ئەمە ڕوونادات. بەڵام ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەتوانێت هاوکاری و یارمەتی حکومەتی عێراق و هەرێمی کوردستان بکات. کەواتە دەبێت حکومەتی عێراقیش ڕۆڵێکی گەورەتر ببینێت بۆ ئەوەی هەڵبستێت بە لەخۆگرتن، نەك دوورخستنەوەی بۆچوونە سیاسییە جیاوازەکان و سەرکردایەتیەکان و گرووپە ئیتنی و ئایینی و زمانەوانیەکان لە چوارچێوەی بونیادی دەسەڵاتی عێراقدا.

*** تا چەند مەترسی ئەوە هەیە کە دەستێوەردانی**

**بەردەوام بوونی ئەم بارودۆخە و بەردەوام بوونی دەستدرێژیەکانی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام(داعش)، مەترسیەکی گەورە لەسەر خەڵکە مەدەنیەکە لە هەموو شوێنێکی عێراق و پارێزگا کوردیەکان دروست دەکات**

**باوەڕم وانییە ئەمریکا هێز بنێرێتەوە بۆ عێراق، بە سادەیی بڵێم، ئەمە ڕوونادات. بەڵام ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەتوانێت هاوکاری و یارمەتی حکومەتی عێراق بکات**

**ئیقلیمی لە عێراقدا زیاتر بێت و ببێتەهۆی شەڕێکی ئیقلیمی لەناو عێراقدا و ئەم وڵاتەش بکەنە گۆڕەپانی شەڕەکەی خۆیان؟**

- ئەمە دەوەستێتەسەر ئەوەی تا چ ڕاددەیەك هێزە ئیقلمیەکان لە ڕووی دارایی و لە ڕووی سەربازیەوە هاوکاری دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش) دەکەن، چونکە بەبێ هاوکاری و یارمەتی دەرەکی داعش ناتوانێت بەردەوام بێت. و حاڵی حازر لە ناو عێراقدا پشتیوانی تایەفەگەری لێدەکرێت، بەڵام لە مەودای دووردا، ئەوا ئەگەرچی هەندێ خاکی داگیرکردووە و بەسەر هەندێ لە پێکهاتە بچووکەکاندا باڵادەست بووە، ئەویش بەهۆی پەنابردنەبەر کاری تیرۆریستی و کوشتنی خەڵکی بێتاوان لە ناو عێراقدا، ئەوا دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش) دووچاری زەحمەتی دەبێتەوە لە پاراستنی پێگەکەی. هەرچۆنێك بێت، ئەمە بێئەندازە ئاڵۆز و پێشبینی نەکراوە. ئەو ململانێ بەردەوامەی لە ئارادایە لە نێو عێراق و دەوڵەتە دراوسێکانیدا، بۆی هەیە شەڕێك بەرپا بکات، شەڕێکی ئیقلیمی لە نێو گرووپە تایەفەگەری و ئایینییە جیاوازەکان، و تەنانەت گرووپە عەلمانیەکانیش. بە شێوەیەك لە شێوەکان، ئەم دەرئەنجامە، دەرئەنجامێکی حەتمیە و هەر ڕوودەدات، تەنها ئەو کاتە نەبێت کە حکومەتی عێراق ڕۆڵ و دەسەڵاتی هەموار بکاتەوە بۆ ئەوەی ئەو لایەنانە لە خۆبگرێت کە ڕۆڵی بەشداری کردنیان نییە لە بونیادی دەسەڵاتدا. ئێوە بەم دواییە هەڵبژاردنێکی زۆر باشتان ئەنجام دا، کە پرۆسەیەکی زۆر دیموکراتی بوو کە بەڕێوەچوو، بەڵام دەرئەنجامەکە جێی ڕەزامەندی نەبوو، چونکە هێشتا دەقا و دەق نازانرێت پێکهاتەی حکومەتەکە چی دەبێت. ئەمە تەنها پرۆسەیەکە، بەڵام دەبێت دەرئەنجامەکەی دەرئەنجامێکی دیموکراتی بێت.

*** لە ڕاستیدا، کەوتنی شاری موسڵ، کە دووەم گەورەترین شارە لە عێراقداو دواتر هێرشکردنە سەر کوردستان مایەی سەرسوڕمان بوو. ئێستاش نیگەرانیەکە ئەوەیە ئایا دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش) هەڵدەستێت بە هێرش کردنە سەر بەغدا یان نا، چونکە ئێستا سوننەکان خاکی خۆیان هەیە و کۆنترۆڵیان کردووە و هەروەها شیعەکانیش خاکی خۆیان هەیە و بە دەستیانەوەیە. کەواتە ئەگەر بەغدا لەلایەن دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش) هێرشی کرایە سەر، ئایا چیرۆکی ئەفغانستان لە عێراقدا دووبارە نابێتەوە؟**

- من هیوادارام هەرگیز ئەوە ڕوونەدات و من هیوادارام عێراق دابەش نەبێت بۆ سێ بەش، چونکە دابەش بوونی -عێراق- بۆ سێ بەش یان زیاتر، بە مانای ئەوە دێت کە بۆ ئاییندەیەکی نادیار و پێشبینی نەکراو شەڕ بەردەوام دەبێت. بەڵام لەم ساتەوەختەدا، ئەوەی ئێوە دەیڵێن ڕاستە، پێدەچێت عێراق بەم ئاڕاستەیەدا بڕوات. تۆ پێویستت بە ئامۆژگاری، و ئامراز و هۆکارەکان دەبێت بۆ ئەوەی بتوانیت بەرگری لە خاك بکەیت و بۆ ئەوەی بە یەکگرتوویی ئەو خاکە بمێنێتەوە. لە کاتی بوونی لەم حاڵەتانەدا تۆ پێویستت بە سەرکردایەتی بەهێز هەیە، ئەگەر عێراقیەکان (سوننە و شیعە و کورد) و دۆستەکانیان، ڕووبەڕووی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش) ببنەوە، ئەوا داعش یان بە تەواوەتی لە ناو دەچێت، یاخود ئامادە دەبێت بۆ گفتوگۆکردن. مەسەلەی سەرەکی یەکێتی نێو عێراقیەکان کە لە ئێستادا ئەمە جێبەجێ ناکرێت. ئەگەر نەتوانیت ڕایگریت، ئەوا بۆی هەیە لە ئەفغانستان خراپتر بێت. هەروەك ئێوە دەزانن کە لە ساڵی ١٩٧٥ـەوە شەڕ لە ئەفغانستاندا هەیە، و تەنانەت دەتوانیت بگەڕێیتەوە بۆ سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیست. هەرگیز ئەفغانستان وڵاتێکی سەقامگیر نەبووە، من ئومێد دەکەم کە هەرگیز ئەمە لە عێراقدا ڕوونەدات و دووبارە نەبێتەوە. چونکە ئەمە دەبێتە کارەساتێکی گەورە بۆ ئەو میراتە کەلتووری و مێژوییەی مرۆڤایەتی کە عێراقی پێ دەناسرێتەوە.

*** بە پاراستنی سەقامگیری و گەشەکردنی هەرێمی کوردستانی عێراق، ئەوا ئومێد و هیوایەك بە ئاییندەی عێراق دەمێنێتەوە، چونکە ئێستا هەرێمی کوردستان بەشە سەلامەت و سەقامگیرەکەی عێراقە، بەڵام لە ئێستادا ڕووبەڕووی تەحەددی بۆتەوە لەلایەن حکومەتی مەرکەزی لە عێراق، چونکە بەشە بودجەی هەرێمی بڕیوە و ئێستاش مەترسی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش) دروست بووە کە هەڕەشە لە سەقامگیری ناوچەکە دەکات، کەواتە تا چ ڕاددەیەك پاراستنی ئاشتی و سەقامگیری هەرێمی کوردستان دەبێتە ئومێدێك بۆ ئاییندەی عێراق و مایەی بایەخ پێدان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی؟**

- ئاشتی و ئارامی و سەقامگیر چەند حاڵەتێکی خوازراون و مومکینە بهێنرێنە دی. تا ئێستا هەرێمی کوردستان لە هەندێ ئاستدا هەرێمێکی سەقامگیر بووە و تا ئێستا توانیویەتی بەرگری لە خاکی خۆی بکات، بەڵام بۆ ئەوەی بارودۆخەکە و هەل و مەرجەکە بە ئاشتیانە بمێنێتەوە، ئەوا پێویستتان بە

**بەبێ هاوکاری و یارمەتی دەرەکی داعش ناتوانێت بەردەوام بێت و حاڵی حازر لە ناو عێراقدا پشتیوانی تایەفەگەری لێدەکرێت، بەڵام لە مەودای دووردا، ئەوا ئەگەرچی هەندێ خاکی داگیرکردووە و بەسەر هەندێ لە پێکهاتە بچووکەکاندا باڵادەست بووە، ئەویش بەهۆی پەنابردنەبەر کاری تیرۆریستی و کوشتنی خەڵکی بێتاوان لە ناو عێراقدا، ئەوا داعش دووچاری زەحمەتی دەبێتەوە لە پاراستنی پێگەکەی**



دەوڵەتی دراوسێی ئاشتیخواز دەبێت. چونکە ناتوانن بۆ ماوەیەکی زۆر بە ئاشتیانە بمێننەوە، ئەگەر لەسەر سنورەکانتان شەڕ هەبێت، و دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش) شەڕی حکومەتی مەرکەزی لە عێراق دەکات و حکومەتی مەرکەزیش شەڕی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش) و هەرێمی کوردستان دەکات. من هاوڕام لەگەڵ ئەوەدا کە حاڵی حازر کوردستان نموونەی ئاشتیە لە عێراقدا، بەڵام شەخسی خۆم ئومێدەوارم کە کوردستانی پڕ لە ئاشتی لە چوارچێوی عێراقێکی پڕ لە ئاشتیدا بێت. هەروەك پێشتر باسم کرد، هێز لە یەکێتیدایە، نەك لە خاکێکی دابەش بوودا. هێز و ئاشتی و ڕزگاربوون دەوەستێتەسەر ئەو یەکێتیەی لە نێو نەتەوەکەدا هەیە.

*** عێراق خاوەنی سامانێکی گەورەی نەوت و غازە، تا چ ڕاددەیەك ڕاگرتنی هەناردەکردنی نەوت و غاز قەیران دروست دەکات لە بازاڕی وزەی جیهانیدا، بە تایبەتی کە ڕوسیا بەهۆی سزا ئابوورییەکانەوە ناتوانێت نەوت هەناردە بکات، کەواتە تا چ ڕاددەیەك توندوتیژی لە عێراقدا کاریگەری لەسەر بازاڕی وزەی جیهانی دەبێت؟**

- هەروەك ئێوە دەزانن، تەنانەت تا ئێستاش هەناردەکردنی نەوت ڕانەوەستاوە، ئەم دۆخە هەندێ کاریگەری خراپی کەمی هەبووە لەسەر بازاڕەکە. هەر بەکارهێنەرێك لە ئەمریکا و ئەوروپا دەبێت پارەیەکی زیاتر بدات بۆ بەکارهێنانی ڕۆژانەی سووتەمەنی و ئاشکرایە تەواوی جیهانی پیشەسازی دووچاری گرفت دەبێتەوە ئەگەر هەناردەی نەوتی عێراق ڕابووەستێت. کەواتە بەردەوام بوونی ناکۆکی لە نێوان دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام(داعش) و عێراق و هێرشکردنە سەر کوردستان لە ڕووی ئابووریەوە بارگرانی لەسەر کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دروست دەکات، ڕەنگە ئەوەش کێشە و پرسێکی گەورە بێت کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی مامەڵەی لەگەڵدا بکات. کەواتە پێویستمان بە کردەوەی بەهێزتر و بە پەلەتر هەیە لەلایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیەوە بۆ ڕاگرتنی شەڕەکەی عێراق، کە تا ئێستا زیاتر لە هەزاران کەسی بێتاوانی کردۆتە قوربانی. وەك توێژەرێکی ئەمریکی کە بایەخ بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەدات و خۆی لە بنەڕەتدا خەڵکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە، ئەوا هەمیشە هیوای ئاشتی و سەقامگیری دەخوازم بۆ ناوچەکە، لە زۆرێك لە وڵاتاندا ئاشتی و سەقامگیری هۆکاری سەرەکین بۆ سەقامگیری و بەرەوپێشچون. عێراقیەکان سەرچاوەکانی خۆیان لە شەڕدا خەرج دەکەن، لە ناسەقامگیرکردنی ناوچەکە و کوشتنی خەڵکی بێتاوان. دەبێت سەرکردەکانی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش) بیر لەوە بکەنەوە کە ئەوان لە سەدەی بیست و یەکدا دەژین و مرۆڤایەتیش لە ئاست ئەو دڕندەییەی ئەوان لێبوردە نابێت. کەواتە شەڕەکان لەسەر حسابی خەڵکە هەژارەکە بەردەوام دەبێت، کە بەردەوام لە ئازار چەشتندان. پێموایە کاتی ئەوەیە کە بیرکردنەوەیەکی جیاواز بکەینەوە و ئەو ڕاستیە قبوڵ بکەین کە شەڕ چارەسەر نییە، شەڕ ڕێگاچارە نییە، و پێویستە بە دوای ئاشتیدا بگەڕێین، بە دوای دۆستایەتیدا بگەڕێین و یەکترمان خۆش بووێت.

**بەردەوام بوونی ناکۆکی لە نێوان دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام(داعش) و عێراق لە ڕووی ئابووریەوە بارگرانی لەسەر کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دروست دەکات**